Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.SpB.7

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Haeder Muhammad Omar
haydar.o.mohammed@su.edu.krd

# نارسیسیزم و داهێنانی شیعر لای شاعیرانی کلاسیکی کوردیی کرمانجی ناوەڕاست" نالی" و "سالم" بەنموونە

**حیدر عمر محمد** / وەزارەتی پەروەردە/ هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق

**کارزان محسن قادر** / بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

RECEIVED :12 /05/2025
ACCEPTED :24/06/ 2025
PUBLISHED :15/10/ 2025

**وشە سەرەکییەکان:**
نارسیسیزم ،
نارسیست،
نالی،
سالم ،
شاعیرانی کلاسیك.

## پوختە

ئەم لێکۆڵینەوەیە لەژێر ناونیشانی (نارسیسیزم و داهێنانی شیعر لای شاعیرانی کلاسیکی کوردیی کرمانجی ناوەڕاست" نالی" و "سالم" بەنموونە) دایە، هەوڵێکە بۆ خوێندنەوە و ناساندنی هەستی نارسیسیزمییانەی شاعیرانی کلاسیکی کوردیی، چونکە ئاشکرایە لە ئەدەبی کوردیدا قۆناغی شیعری کلاسیکی کوردی هاوکوفی ئەدەبی زۆربەی میللەتانی دنیا پێگەیەکی گرنگ و پڕ بایەخی هەیە، لەم نێوەندەدا شیعری کلاسیکی کوردیی کرمانجی ناوەڕاست کە لە لایەن "نالی" یەوە دادەمەزرێت، دواتر شاعیرانی وەک "سالم و کوردی و مەحوی" و چەندین شاعیری تر گرنگیی و بایەخی پێدراوە، دیارە هەستی شانازیی بە خۆکردن و شانازیی بە "نەتەوە، بەرهەمی شیعریی، خێڵ و عەشیرەت، زمان، کولتوور، زێد، نیشتیمان" لە نێو شیعری کلاسیکی کوردیدا زۆر بە زەقی دیارە و شاعیرانی کورد بە ئاشکرا ئەم هەستەی خۆیان دەردەبڕن، لەگەڵ ئەمەشدا ئامانجی ئێمە بریتییە: لە خستنەڕووی لایەنی دەروونی هەردوو شاعیر نالی و سالم، لەڕوانگەی نارسیسیزمەوە، هاوکات لەژێر میتۆدی دەروونشیکارییەوە، چونکە ئەم میتۆدە هاوکار و یارمەتیدەرێکی باشە بۆ شیکردنەوەی هەستی نارسیستییانەی شاعیر، چونکە نارسیسیزم پەیوەندی بەلایەنی دەروونیشەوە هەیە، بەشێوەیەکی گشتی هەوڵماونداوە کە شێواز و جۆری نارسیسیزم لای شاعیران بخەینەڕوو، هاوکات خستنەڕووی هۆکاری جیاوازی دەربڕینی هەستی نارسیستییانەی شاعیر، لەنێوان نارسیسیزمی ڕاستەوخۆ لای نالی، نارسیسیزمی ناڕاستەوخۆ لای سالم. لەکۆتاییشدا گەیشتنەی ئەوەی کە جیاوازییەکی بنەڕەتی هەیە لە چۆنیەتی دەربرینی هەستی نارسیستییانەی شاعیر،بەجۆرێک لای نالی زمانی دەربڕینەکە ڕاستەوخۆ و بەهێزترە، بە بەراورد بە سالم، چونکە ژینگە و ژیان و باردۆخی هەردوو شاعیر لەڕووی ناوچەیی و هۆکارە کاریگەرەکانی جیاوازییان هەیە، ئەمەش وایکردووە، جۆری دەربرینەکەش جیاوازبێت. هەروەها توێژینەوەکە هەوڵ و خوێندنەوە و تێڕوانین و وردبوونەوە بە قسەیەکی نوێکارانە بۆ شیکاریی و لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی شیعری کلاسیکی کوردیی لە چوارچیوەی کرمانجی ناوەڕاست بکات.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**1- پێشەکی:**

خۆشەویستیی هێزێکی ناوەکیی گەورەی مرۆڤە و لەگەڵ خۆیدا ئەگەری گۆڕان و دەستکاریکردنی دونیا دەهێنێت. دەتوانێت مرۆڤەکان بەیەکەوە کۆبکاتەوە و لە یەکتریان نزیک بکاتەوە، هاریکاریی و پێکەوەبوون و ئارامیان لە نێواندا بەدیبێنێت، وابکات لە دەوری یەکتر کۆببنەوە. (وەک هەردوو ئەدیب "هارت" و "نێگری" دەڵێن: کە خۆشەویستیی "هێزێکە بۆ گۆڕینی جیهان" و بۆ "دروستکردنی مرۆڤایەتییەکی نوێ". بەبێ خۆشەویستیی هەموومان "شتێک نین"، "هیچین" و لە بۆشاییەکی گەورەدا دەژین). (قانع، 2020). لای ئەم دوو ئەدیبە خۆشەویستیی شتێکە دەکەوێتە دەرەوەی "ئیمپراتۆریەت"ەوە، دەرەوەی ئەو هێزە گەورانەوە، گەر ئەمڕۆکە جیهان بەڕێوەدەبەن، هێزگەلێک کە نەک لە ڕوانگەی خۆشەویستییەوە بۆ جیهان ناجووڵێن، بەڵکو لە دۆخی تێکدان و وێرانکردنی جیهاندان. ئەم نەفیکردن و دەرکردنەی خۆشەویستیی وای لێدەکات هێزێک بێت بتوانێت بۆ سازاندنی دونیایەکی نوێ، بۆ وێناکردنی جیهانێکی کۆمەڵایەتیی جیاواز، هاریکاریی مرۆڤ بێت.

نارسیسییزم چەمکێکی ئێجگار گرنگیی ناو ژیانی مرۆڤە، چونکە دەبێتە بنەمای گۆڕانی بیرکردنەوەی خودی شاعیر، خۆویستن و خۆ خۆشویستنێکی لە ڕادەبەدەر تەنانەت هەندێکجار دەگاتە ئاستی لووتبەرزیی، چونکە ئەوانەی بە نیازن و دەیانەوێت دونیا بگۆڕن دەبێت لەو دیوی ئەو ڕوانینە سادەوەیە بڕوانن. کە پێیوایە سەرەتا پێویستە هەموومان ببین بە مرۆڤی عاشق، یان بە مرۆڤێک خۆشەویستیی هەستی هەرە باڵادەست بێت لە لای، ئینجا دوای ئەوە هەوڵی گۆڕانی دونیا بدەین.

نارسیسمییزمیش بیمارییەکی کوشندەیە، نارسیسییزم بە واتای خودئەڤینیی. ئەوەی ئەمڕۆ لە دونیای ئێمەدا بە ئاشکرا ئامادەیە نارسیسییزمە لە فۆڕمە هەرە نەخۆش و بیمارەکەیدا. خودئەڤینییەک لەسەرێکەوە مرۆڤ بەرەو داخران و چەمانەوە بەسەر خودی خۆی و بەسەر ئارەزوو و وەهم و هیچ و پووچییەوە دەبات، لە سەرێکی دیکەوە دەیکاتە نەیار و نادۆستی هەموو ئەوانی تر و ئەوانەی لە خۆی ناچن. ئەم فۆڕمە لە خۆشەویستیی نارسیستانە فۆڕمێکی تەواو گەندەڵیی خۆشەویستییە و شاعیرانی کورد بە واتا بەرفراوانەکەی پەنایان بردۆتە بەر خودئەڤینی و خۆشویستنێکی لە ڕادەبەدەری خۆیان. ئەمە لە دەقی شیعری شاعیران ڕەنگیداوەتەوە. لەم نارسیسییزمەدا خودێک ئامادەیە کە خۆی بە ڕەهایی کردووە، لە بەرامبەر هەموو ئەوانی تردا خۆی وەک نموونەیەکی باڵا وێنادەکات، کە دونیای دەرەوەی ئەو نموونە باڵایە بۆ دونیایەکی و بێمانا کورت دەکاتەوە. نارسیسییزم جۆرێکە لە من پەرستیی، ئایینێکی تایبەتە لەسەر بە نەزان و ناپاک و بەدفەڕکردنی ئەوانیتر کاردەکات. خودێکی خۆ بە پاڵەوان و بە ڕەهاکراوی پووچێتی دەخاتە شوێنی هەموو مرۆڤەکانی تر. بەمەش هەموو کردەیەکی پێکەوەبوونی تەندروست و هەموو توانایەک بۆ هاریکاریی و هەموو هەستێک بۆ هاودەردیی دەشێوێنێت.

**ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە:** لێکۆڵینەوەکەمان لەژێر ناونیشانی " نارسیسییزم و داهێنانی شیعر لای شاعیرانی کلاسیکی کوردیی کرمانجی ناوەڕاست" نالی" و "سالم" بەنموونە" دایە. ناونیشانی لێکۆڵینەوەکەمان کۆششێکە بۆ خوێندنەوەی دەروونشیکارییانەی شاعیرانی کلاسیکی کوردیی کرمانجی ناوەڕاست، بە تایبەتیش خوێندنەوەی ئەو دەقە شیعریانەی کە پەیوەندیی پتەویان بە ناوەڕۆکی خودئەڤینییەوە هەیە، هەروەها کۆششێکە بۆ کردنەوەی ڕاز و پەنهانی شاعیران بۆ دەرخستنی توانا نەزانراوەکانیان لە ڕێگەی خوێندنەوەی دەروونشیکارییەوە.

**گیروگرفتەکانی بەردەم لێکۆڵینەوەکە:** نارسیسییزم لای شاعیرانی کلاسیکی کوردیی لە کرمانجی ناوەڕاست ئامادەبوونێکی تەواوی هەیە و شاعیران بە شانازییەوە لە خودی خۆیان دواون و خۆشەویستییەکی بێ کۆتاییان بۆ خۆیان و بەرهەمەکانیان هەیە، تەنانەت دەگاتە ئاستی خۆ بەزلزانین، بەڵام ئەوەی کێشەبوو لەم لێکۆڵینەوەیە ئەوە بوو کە چەمکی نارسیسییزم جیاوازی زۆر هەیە لەباسکردنیدا، هەروەها نەبوونی سەرچاوەی پێویست و تایبەتمەند بە خودی نارسیسییزم، ئەویش کێشەیەکی تربوو.

**گرنگی ئەم لێکۆڵینەوەیە:** ئاشکرایە بابەتی نارسیسییزم: وەکو دیاردەیەکی باو بوونی هەبووە لەنێو بەرهەمی شاعیرانی کلاسیکی کوردی، لەهەمانکاتدا پەیوەستە بە بواری دەروونی و پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە شیعرەوە هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تاکو ئێستا بۆ لێکدانەوە و شیکردنەوەی شیعری کلاسیکی کوردیی لە کرمانجی ناوەڕاست هەوڵێکی ئەوتۆ نەدراوە، ئەوە بۆ خوێنەری کورد ڕوون نەکراوەتەوە. کە بۆچی شاعیری کورد ئەوەندە شانازیی بەخۆیەوە دەکات و لە چی ڕەهەندێکەوە سەرچاوەی گرتووە، لەهەمانکاتدا وەک پێویست پەیوەستبوونی شاعیر لە ڕووی نارسیسییزمەوە بە دەقەکانیانەوە ڕوون نەکراوەتەوە و نەسەلمێنراوە، لەگەڵ ئەمانەشدا لەنێو کتێبخانەی کوردیدا تاکو ئێستا سەرچاوەیەکی یەکگرتوو و گشتگیر بوونی لە مەڕ ئەم بابەتە، بە پشتبەستن بە میتۆدێکی ڕەخنەیی و زانستییانەدا نییە.

**هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:** هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکەمان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ڕاستە لە چوارچێوەی وتار و کورتە وتار بە زمانی کوردی، کار لەسەر نارسیسییزم کراوە و شتی لەبارەوە نووسراوە، بەڵام لە بواری ئەکادیمییدا هیچ کام لە لێکۆڵینەوە و نامە ئەکادیمییەکان باسیان لە نارسیسییزم لە شیعر شاعیرانی کلاسیکی کورد نەکردووە، بۆیە بە پێویستمان زانی لە ڕێی ئەم لێکۆڵینەوەیە ببین بە بەشێک بۆ دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی، بە دیاریکراوی لە ڕووی سەرچاوەی زانستییەوە.

**میتۆدی لێکۆڵینەوەکە:** لێکۆڵینەوەکەمان بریتییە: لە هەردوو لایەنی تیۆریی و پراکتیکیی، بۆیە لەم لێکۆڵینەوەیەدا میتۆدی دەروونشیکاریمان پەیڕەو دەکەین، بە جۆرێک لە هەردوو بەشدا میتۆدی دەروونشیکاریی ڕۆشنایی دەخاتە سەر توێژینەوەکە.

**سنووری لێکۆڵینەوەکە**: وەک لە ناونیشانەکە ئاماژەی پێکراوە و جێگیرکراوە، ئەم لێکۆڵینەوەیە لە سنووری شاعیرانی کلاسیکی کوردیی لە کرمانجی ناوەڕاست ئەنجام دەدرێت، بۆیە لێکۆڵینەوەکەشمان بریتییە لە کارکردن لە سەر بەرهەمی دوو شاعیری کلاسیکی کورد، کە پێویست و بنچینەن بۆ لێکۆڵینەوەکەمان، بۆ بەرجەستەکردنی هەست و نەستی نارسیسییزمیانەی شاعیرانی کلاسیکی کورد، بەدیاریکراوی هەردوو شاعیر " نالی" و "سالم"

**بەرهەم و پرۆژە زانستییەکانی پێشوو:** لەبارەی نارسیسییزمەوە لە دوو توێی لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکانی زانکۆ و لێکۆڵینەوە بڵاوکراوەکاندا، تاکو ئێستا ئەوەی ئێمە بەدواداچوون و گەڕانمان بۆ کردووە، بریتین لە ژمارەیەکی کەم نامەی ئەکادیمیی و لێکۆڵینەوە لەم بارەیەوە، بۆیە پێمان باشە ئاماژە بەو کارانە بکەین کە لەبارەی نارسیسییزمەوە ئەنجامدراون، هەرچەندە لەبورای ڕەهەندی دەروونی چەندین لێکۆڵینەوە و تێز و نامەی ماستەر نووسراون، بەڵام ئەوەی ئێمە مەبەستمانە ئەوەیە بەشێوەی تایبەت لەسەر نارسیسییزم نووسراوە، ئەم کارانەی خوارەوەن:-

**نامە ئەکادیمییەکان:**

- عیسا، هاوژین صلیوە، "2012"، ڕەهەندی دەروونی لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا، زانکۆی کۆیە، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتیی و کۆمەڵایەتییەکان، تێزی دکتۆرا. تیایدا تووێژەر تەنیا لە "4" لاپەڕەدا لەژێر ناونیشانی "نەرگسیەت"، بەشێوەیەکی گشتی باسی نارسیسییزمی کردووە.

**توێژینەوە بڵاوکراوەکان**

1- حسین، عەلی طاهر، "2002" نەرگسییەت، یان خود لە شیعری "لەتیف هەڵمەت"دا، گۆڤاری "زانکۆی سلێمانی"، ژمارە "9". ئەم توێژینەوە لەبارەی نارسیسییزمەوە ئەنجامدراوە تەنیا "2" لاپەڕەی باسی نارسیسییزم دەکات.

2- عبدالرحمن. حسین عثمان، "2018"، "فەلیتی قوتۆ" و نارسیسم "خواندنەکا ڕەخنەیی دەروونشیکاری"، مجلة العلوم الانسانیة لجامعة زاخو، ژمارە "6 " بەرگی یەکەم ، ئازاری 2018.

## 1-1- نارسیسیز م و نارسیست

نارسیسیزم بەشێوەیەکی تیۆرتەسەل لەنێو کولتوورەکاندا پەیوەندیدارە بە هەستێکی بەرزی خۆ بەگەورە زانین، شانازیی بەخۆکردنێکی لە ڕادەبەدەر، (مرۆڤی نارسیست زۆرجار هەست بە بەرزبوونەوەی خۆی دەکات، چونکە زۆرجار دۆخی دەروونی مرۆڤ گۆڕانکاریی بەسەردادێت و دەبێتە هۆی گۆڕانکاریی لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەشی). (Lacan, 1977, 90). هەروەها هەر ئەو دۆخە دەروونییەش کاریگەریی دەبێت لە سەر ئەدیب و خوێنەر و تاک بە تاکی کۆمەڵگە، ئەمەش بووەتە هۆی سەرهەڵدانی ڕەخنەی دەروونشیکاریی، (ڕەخنەی دەروونشیکاریی بەرهەمی پێشکەوتنی دەروونناسییە لە سەدەی بیستەمدا، ئەو زانستەی کە شێواز و ڕێککاریی شرۆڤە و لێکدانەوە و شیکردنەوەی ڕەخنەیی بە شێوەیەکی گشتی دەگۆڕێت و بووە هۆی دانانی بناغەی لێکۆڵینەوەی دەروونیی لەنێو ئەدەبدا). (فرۆید، 2007، ل 22)، واتە ڕاستەوخۆ دەروونناسیی هاتە نێو کایەی ئەدەب، ئەمەش واتای ئەوەیە کە ئەدیب و خوێنەر و کارەکتەر کەوتنە ژێر تیشکی ڕەخنەگر لەژێر ڕۆشنایی لایەنی دەروونی. (نەرسیست بۆ یەکەمجار وەک نەخۆشییەکی دەروونی لە لایەن ئەدیب و پزیشکی بەریتانی "هاڤلۆک ئێلیس"ـەوە لە ساڵی "١٨٩٨" داهێنرا، کە بەشێوەیەکی گشتی ڕەهەندەکانی لە ئەفسانەی گریکی و هێماسازیی نەرسیستی لە ڕووی دەروونییەوە وەرگرتووە). (نصار، 2022، ل 5). واتە: وێنەی خود هەڵئاوساوە، جۆرێک لە ئارامی و هێزی کەسیی بە خاوەنەکەی دەبەخشێت. مرۆڤی نارسیست ئارەزووی ئەوەی هەیە کە خەڵکی دیکە لە خۆی نزیک بکاتەوە، بۆ ئەوەی لە خشتەیان بەرێت و وەک ئامرازێک بەکاریان بهێنێت بۆ گەیشتن بە حەز و ئارەزووەکانی.

## 2-1 - ئەفسانەی نارسیسیزم

نارسیسیزم لە ڕەگی وشەی گریکی نەرسیسەوە وەرگیراوە "Narges , the myth of Narcissus" نەرگس، یان نەرگسی، یاخود نارسیست گەنجێکی گریکیی زۆر جوان و سەرنجڕاکێش بووە،). (Rodewald, 2022, p 21). یان (فەلەکناسێک بە دایکی وتووە ئەگەر بێت و خۆی نەناسێتەوە، ئەوا تەمەنێکی درێژی دەبێت و زۆر دەژییت، بەڵام عاشقی ڕەنگدانەوەی خۆی بووە لەو کاتەی کە کەوتۆتە ناو ئاوی ڕووبارەکەوە و خۆی بینیووە، بەڵام دوای مردنی لە شێوەی گوڵێکی نارسیسوس "گوڵە نێرگز" بە دەرکەوتووە و هەڵفڕییەوە). (Rodewald, 2022, p 23). نارسیسیزم واتە: خۆشەویستییەکی زۆر بۆ خودی خۆی، کە ئەمەش هەندێکجار نارێکییەکی دەروونییە. چونکە هەستی نارسیسیزم بە خێرایی مرۆڤ لە ئەوانەی دەوروبەری دادەبڕێت، چونکە کەسانی خۆبەخۆن، تەنیا خۆیان دەبینن و کەسانی تر گرنگ نییە بۆیان. ( لە دەروونناسیدا نارسیسیزم بریتییە: لە خۆشەویستییەکی ئەوپەڕی بۆ خۆی و پشتبەستن بە خۆدەربڕینێکی ناوەکیی. نارسیسیزمی توندڕەو خاسیەتی دەروونی و کەسێتییە لە خۆشەویستیی لە ڕادەبەدەر بۆ خۆی، هەروەها نارسیسیزمی بێسنوور، شێوەی نارێکی دەروونییە). (قەرەچەتانی، 2007، ل 182). دەروونناسان زیاتر لە هەموو کاتێک جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە دەبێت خۆمان خۆشبوێت و بەهای خۆمان بنرخێنین. خۆشویستنی لایەنێکی ئەرێنییە و بڕوا بەخۆبوون و پێشکەوتن و گەیشتن بە ئاوات بەشێکە لەو خۆشەویستییە. (لەبەرئەوەی نارسیسیزم واتە: بینینی خود بە تەنیا و بێنرخکردنی ئەوانی تر، کە بە خێرایی ئەوانەی دەوروبەرمان پەرت دەکات). ( کەمال، 2024، ل 4). واتا "نارسیسیزم = Narcissism " هەڵسوکەوتێک و خەسڵەتێکی تری ئەو کەسانەیە کە خۆبەزلزان و بەخۆیان سەرسامن، لە هەموو شتێکدا تەنیا نرخ بۆ بۆچوونی خۆیان دادەنێن.

لەمە بە دوا گوڵی نێرگزی هێمای مردنی پێشوەختەیە لەنێو گریکییەکاندا، هەروەها لە ئەفسانەی گریکیدا "نێرگز" وەک هێمای خۆشەویستیی خودیی و گەورەبوونی ناوەکیی مرۆڤ دەرکەوتووە، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا لەنێو ئەفسانەی گریکیدا بە دوو شێوە ئەم بابەتە گێڕدراوەتەوە، یەکێکیان لەسەر بنەمای چیرۆکی نوقمبوونی نێرگز لە ڕووبارەکەدا .(Hirst, 2019, p 49). بەڵام هی دووەمیان باس لە مردنی خوشکە دووانەکەی دەکات، کە بووەتە هۆی دڵتەنگییەکی زۆر بۆی، بۆیە "بەردەوام سەیری ڕەنگدانەوەی خۆی دەکرد لە ڕووبارەکەدا تا هەست بکات کە سەیری دەموچاوی دەکات، هەرچەندە هێشتا لە ژیاندا بوو، بەڵام کاتێک هەوڵیدا لە ڕووبارەکە نزیک بێتەوە دەکەوێتە ناو ڕووبارەکەوە لە کاتی کەوتنی بۆ نێو ڕووبارەکە گوڵی نێرگز لەو شوێنەدا هەڵدەفڕێت" (clinic, 2017, p 34). هەروەها لە هەندێک

سەرچاوەی تردا بە شێوەی تر باسکراوە.
وەکو دەڵێن: گەنجێک بە ناوی ئیخۆ " ئیکۆ " کاریگەر و سەرسام بوو بە خۆشەویستیی وێنەی دەموچاوی خۆی، زۆر کەس هەوڵیانداوە بەدەستی بهێنن، بەڵام دڵی هەموویانی شکاند، تا " ئیکۆ" سکاڵای لای خواوەند کرد، تا پیشانی بدات کە شتی جوان و بێوێنەی لە ڕووخساریدا هەیە، بەڵام ڕەتیکردەوە و تەنیا سەیری دەموچاوی کرد تا لەبەر ماندوویی و برسێتییدا کەوتە ناو ڕووبارەکە و مرد. پاشان گوڵە نێرگز لە ڕووبارەکەوە هەڵفریووە. (امیربیگی، 1397، ل 2). کەواتە: ناوی گوڵە نێرگز لەو ئەفسانەیە وەرگیراوە، چونکە لە ڕووبار و دەریاوە دەرهاتووە و چرۆی کردووە. بە واتایەکی تر: نێرگز کاتێک بە خۆشەویستیی خۆی "ڕووخساری ڕەنگدانەوە" ڕاناگات، ئەوەندە خەمبار دەبێت و لەسەر لێواری وەرزی بەهار دادەنیشێت، تا ببێتە گوڵەکە، دیارە گوڵەنێرگزیش لە وەرزی بەهاردا پەیدا دەبێت.

## 1-3- چەمک و زاراوە و پێناسەی نارسیسییزم

لە بابەتە مرۆییەکاندا هەر وشە و زاراوایەک چەندین وشە و زاراوەی جیاوازیی بۆ بەکاردێت، هەریەک لەو وشە و زاراوانەش گوازرشت لە شتێکی جیاوازیی تایبەتمەند بە وشە سەرەکییەکە دەکات. زاراوەی نارسیسییزم، یان نەرسییزم ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە لایەنی جەستەیی و دەروونی مرۆڤەوە، لەوەوە تێدەگەین ئەگەر لە ڕوانگەی دەروونییەوە لێی بڕوانین ئەوا بە واتای تێکچوونی کەسایەتیی مرۆڤ دێت، بۆیە لە دەروونناسیدا نەرگسی، یان نەرگسییەت "بە ئینگلیزی: "Narcissism"ی پێدەڵێن. بە واتای (گوزارشت لە خۆشەویستییەکی ئەوپەڕی خود و پشتبەستن بە خۆبەگەورەزانینی ناوخۆیی دەکات).( شەدەر، 1403، ل 9). یان حەزکردن و سەرسامبوون بە خودی خۆی، بێگومان ئەمەش تێکچوونی کەسایەتیی مرۆڤ دەگەیەنێت. (عبدالرحمن، 2018، ل 57). یان بریتییە: (لە خۆشویستنێکی زۆر بۆ خود و ڕازی بوونە لە خود، تا دەگاتە ئەو بڕوایەی کە هەموو کردار و چالاکییەکانی خۆی زۆر بەرز بنرخێنێت و بە پێچەوانەوە کار و دەستکەوتەکانی خەڵکی بە لایەوە هیچ و کەم بایەخن). (جمال، 2009، ل 208). زاراوەی نارسیسییزم لە توێژینەوەکاندا بە شێوازی جیاواز وەسف و هەڵسەنگاندنی بۆ کراوە، چونکە زاراوەیەکی گشتگیر و فراوانە. واتە: پێویستیی بە ڕوونکردنەوە و لێکدانەوەی جیاواز هەیە، چونکە پەیوەستە بە لایەنی تەندروستییەوە، دەرکەوتنی ئەم دۆخە لە مرۆڤدا بە پێی قۆناغ و تەمەن دەگۆڕێت، چونکە (هەندێکجار لە تەمەنی گەورەییدا دەستپێدەکات و لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا خۆی دەردەخات. لە ڕووی دەروونی و تەندروستیەوە مرۆڤی نارسیست دەتوانێت زیانێکی گەورە بە تاک و کۆمەڵگا بگەیەنێت). (Oxford, 2021, p 131 ). ئەوان پێیانوایە کە نارسیسییزم زۆر ئاڵۆزە بۆ ئەوەی ڕوون بکرێتەوە لەبەر فراوانی مەودای و تایبەتمەندییەکانی و پێناسەکانی.
هەروەها (لە پزیشکیدا، نەرگسی لە قۆناغە پێشکەوتووەکاندا پێیدەوترێت تێکچوونی کەسایەتیی نەرگسی، یان کەسایەتیی مرۆڤ). (Trihi, 2019, p 22). بە بۆچوونێکی تر مرۆڤی نارسیست زیاتر لەبابەت و دیاردەیەکە لە تەمەنی گەورەییدا لە مرۆڤدا سەرهەڵدەدات و تێکەڵ دەبێت بە گەلێک بابەتی هەستیاری دەروونی دیکە، وەکو تێکچوونی کەسایەتیی، یان شڵەژانی دەروونی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەرگسی پێویستە بۆ مرۆڤ تا لە ژیاندا بمێنێتەوە. لە هەندێک دۆخدا، ئەگەر نەرگسیی کەسێک بە ڕێژەیەکی گونجاو بۆ کۆمەڵگا، یان تەنانەت بۆ دەروونڕووستی خۆی نەبێت، ئەوا لەوانەیە کەسەکە ڕووبەڕووی نەخۆشی دەروونی ببێتەوە، هەروەها نارسیست (شێوازێکی کەسایەتییەکی چەقگەراییە کە تایبەتمەندە بەو کەسەی بەشێوەیەکی زیادەڕۆیی سەرقاڵی خۆی و پێداویستییەکانی خۆیەوە بێت، زۆرجار لەسەر کەسایەتیی و پێگەی ئەوانی دیکەیە). (Oxford, 2021, p 305). هەروەها زاراوەی نەرگسیی هەندێکجار لە دەروونناسی تاکدا لە جیاتی زاراوەی وەک "سووکایەتیکردن، بێهودە، خۆپەرستی، یان خۆ بەڕاست دانان بەکاردێت. هەندێکجاریش لە کۆمەڵناسیدا لە بری دەستەبژێرگەرایی، یان بێباکی لە چارەنووسی ئەوانی دیکە بەکاردێت. (Persian,1398, bbc.com).
بە بڕوای "فرۆید" ئەم چەمکە بۆ (یەکەمجار لە دەروونناسیدا لەلایەن "پۆڵ نۆکس"ەوە بەکارهاتووە. دواتر ئەم بۆچوونە ڕاست دەکاتەوە و ڕوونی دەکاتەوە کە لە ڕاستیدا دەبێت "هۆلاک ئێلیس" بە داهێنەری ئەم زاراوەیە هەژمار بکرێت. "ئێلیس" خۆی ڕوونیکردەوە کە لە ساڵی "١٨٩٨"دا ئەو دەستەواژەیەی بەکارهێناوە بۆ وەسفکردنی هەڵوێستێکی دەروونی؛

"نۆک" لە ساڵی "١٨٩٩" بەکاریهێنا بۆ پێناسەکردنی جۆرێک لە لادانێکی سێکسی). (Bergler,1974, p 176). بە بڕوای "ئێلیس" پێویستە "ئەو" و "نۆک" وەک داهێنەری هاوبەشی ئەم زاراوەیە هەژماربکرێن بە پێی پێناسەکانی نارسیسییزم، زۆربەی دەروونناس و کۆمەڵناسەکان ئەم سیفەتە بە هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵ و کۆمەڵگا دەزانن، لە زۆرترین خاڵی تاکگەراییدا دایاننناوە. ئەو کەسەی بە دەست نەرگسیی زیادەڕۆییەوە دەناڵێنێت، هیچ بەرژەوەندییەکی ناوەوەی بۆ ئەوانی دیکە ناوێت. هەروەها سەرهەڵدانی دیاردەی نارسیسییزم یان، نارسیست لە وڵاتانی ئەوروپا کۆمەڵێک لێکەوتەی تری لێکەوتۆتەوە، وەکو (دارمانی ئاکاریی، نارسیسییزمەکان بوونەتە هۆی ئەوەی بزووتنەوەی ڕۆمانتیکی نوێ لە یانە شەوانەکانی لەندەن لە ساڵانی هەشتای سەدەی ڕابردوودا سەرهەڵبدات) .(Fashion, 2006, p 19). تەنانەت لەوکاتەی کە ئەو دەستە و تاقمانەی نارسیستەکان سەری هەڵدابوو، بەشێوەیەکی وا خۆیان لە کۆمەڵگە جیا کردبۆوە، تەنانەت مۆدێلی جلوبەرگی تایبەت بە خۆیان داهێنا بوو، بۆ ئەوەی ببێتە خاڵی جیاکەرەوەی ئەوان و خەڵکی تر، جلوبەرگی ئەوان لە چاو هی خەڵکی تر درێژتر بووە و لە زەویدا لە کاتی ڕۆیشتنیاندا بە دوایاندا دەخشا. .(Fashion, 2006, p 19-20)

نارسیستەکان بە جۆرێک کەسایەتییان تێکدەچێت هیچ جۆرە ڕەخنە و بیرو بۆچوونێکی کەسانی تر قبووڵ ناکەن، تەنانەت دەگاتە ئاستی ئەوەی خۆیان لە کۆمەڵگە دابڕن، بە جۆرێک خۆیان جیادەکەنەوە، هەموو کۆمەڵگە بە لایەک و خۆیان بە لایەکی تر. ئەمەش دەمانگەڕێنێتەوە سەر هەمان بۆچوون و زاراوە ( کە لە بەرانبەر دەستەواژەی "Narcissism" دانراوە بریتییە: لە عەشقێکی لە ڕادەبەدەر بۆ خۆی). (عبدالرحمن، 2018 ، ل 57). جگە لەمانەی باسکران، نارسیست بە جۆرێک خۆی بەرزتر دەبینێت لە کەسانی تر، بە جۆرێکی وا کە کەسی تر شیاوی ئاستی ئەو نییە. واتە: هێزی خۆی بە جۆرێک دەبینێت کە کەس وەکو ئەو نییە. ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت کە سیفەتی سەرەکی لە مرۆڤی نارسیست بریتییە: لە لووتبەرزیی و لەخۆبایی، لەهەمانکاتدا لە ڕووی جلوبەرگیشەوە بە جۆرێک شیکپۆشن بە ئاسانی لە خەڵکی تر جیا دەکرێنەوە و دەناسرێنەوە، لەبەرئەوەی ئەوەی گرنگە لای ئەوان بریتییە لەوەی چۆن سەرنجی خەڵک بۆ خۆیان ڕابکێشن و لەبەرچاوییان بەدیاربکەون, لەمەوە تێدەگەین کە ئەگەر بێت و سەرکەوتوو نەبن لە کاردا و ئەو دیاریی و بەرچاوییە بەدەست نەهێنن و نەتوانن سەرنجی خەڵک بۆ خۆیان ڕابکێشن، ئەوا بە خراپی بەسەریاندا دەشکێتەوە. سەرەڕای ئەوەش وەکو گووتمان (حەز بە ڕەخنە و توانج ناکەن، بەڵکو حەز بە ستایش و پیاهەڵدان دەکەن و نابێت لە گوڵ زیاتریان پێ بگووترێت). (شولتز، 1384، ل 35).

بەشێوەیەکی گشتی دەبینین لە زیاتر لە زاراویەک بۆ چەمکی "Narcissism" بەکاردێت، زاراوەکانیش وەکو "نارسیست، نارسیز، نێرگس، نەرگسی، نەرگسییەت" بەڵام لەناو کورد دا زیاتر "خودئەڤینی و خود شەیدایی" بەکاردێت. هەموویان بە واتای کەسێک دێت کە سەرسامە بە خۆی و لە ڕادەبەدەر حەزی لە خۆیەتی، شانازیی بە خۆی دەکات و ڕەخنەی دەوروبەری قبووڵ ناکات و خۆی جیادەکاتەوە لە دەوروبەری، سەرەڕای بوونی هەندێک هەڵسوکەوتی دیار و بەرچاوی جەستەیی و دەروونی وەک: "جلوبەرگ و شیکپۆشی، ستایش و پیاهەڵدان" هەروەها بوونی کۆمەڵێک هەڵسوکەوتی جیاواز کە بوونەتە خاڵی جیاکەرەوەیان لە کەسانی تر.

### 4-1- تایبەتمەندییەکانی نارسیست

بە پێی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە ڕێکخراوی دەروونی ئەمریکیی ئەنجامیانداوە، بۆیان دەرکەوتووە کە نارسیست کۆمەڵێک خاسیەت و تایبەتمەندیی جیاوازییان هەیە و جیایان دەکاتەوە لە کەسانی تری نێو کۆمەڵگە، بەڵام هەمان ڕێکخراو کۆی خاڵەکانی لە تێکچوونی کەسایەتیی کۆکردۆتەوە، لەگەڵ ئەمەشدا مەرج نییە سەرجەم تایبەتمەندییەکان لە تاکەکەسێکدا هەبن، ڕەنگە لە هەر کەسێکدا چەند نیشانەیەک هەبن و هەندێک نیشانەی تر لە کەسێکی تردا هەبن. تایبەتمەندییەکانیش ئەمانەی خوارەوەن:

1. هەستیارییەکی زۆری هەیە بۆ نموونە زیادەڕۆیی دەکات لە دەستکەوت و بەهرەکان، بەردەوام چاوەڕوانی ئەوە دەکات لەبەرچاو بگیرێن بەبێ پاڵنەرێکی گونجاو). (Giulia, 2021, p 37).

2. بۆ هەموو شتێک هێز بەکاردەهێنێت و لە جوانییەکی ئارایشتکراو و ناسروشتی دەگەڕێت. (Carson, 2005, p 32)

3. لە خەیاڵەکانیدا سەرکەوتنی بێسنوور، دەسەڵاتی زۆر، سۆزێکی بێکۆتایی، جوانیی لە ڕادەبەدەر هەیە. (وند، 1386، ل 65).

4. زۆرجار خۆیان بەراورد دەکەن بە سەرکردەی ڕاستەقینە لە بوونی سیفەتەکانی کەسی سەرکردە، وەک: بڕیاردانی دروست، ئیرەییبردن بە دەنگی بەرز و لێدوانەکانیان، یان وا بیردەکەنەوە کە "بۆچی ئەوەندە سەرکەوتوون، منیش دەبێت وەک ئەوان بم. من لەوان زیاترم هەیە بۆ پێشکەشکردن!! (Carson, 2005, p 32).

5. هێندە متمانە و باوەڕیان بە خۆیان هەیە، تەنانەت وا گومان دەبەن کە کەس وەکو ئەوان نین، لەگەڵ ئەوەشدا حەز بە بوونی پەیوەندیی دەکەن لەگەڵ کەسانی کاربەدەست و خاوەن دەسەڵات. (Madson, 1997, p 35).

6. خۆیان بە بەهرەمەند پیشان دەدەن، چاوەڕێی ئەوە دەکەن، وەک باڵادەست و خاوەن ئەزموون بناسرێن بەبێ ئەوەی هاوتای ئەو بەهرەمەندییە بن. تەنانەت پێیانوایە، ئەوەندە ناوازەن دەبێت هەموو کەسێک تێیان بگات. (Madson, 1997, p 37).

7. زیاد لە پێویست سەرسامن بە خۆیان، ئەمەش لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەیاندا هەستی پێدەکرێت. تەنانەت وا دەخوازن خەڵکیش هەمان سەرسامییان بۆیان هەبێت.

8. لە ڕووی پەیوەندیی نێوان نارسیست و دەوروبەرییان، زۆربەی جار قۆستنەوەی هەل و لە خشتەبردن و فریودان لە پەیوەندییە کەسییەکان دەکەن. واتە: سوود لە کەسانی دیکە وەردەگرن بۆ بەدەستهێنانی شتێک، یان مەرامێک کە خودی نارسیست هەیەتی. (Foster, 2003, 484).

9. لە ڕووی هاوسۆزییەوە، هاوسۆزییان نییە، تەنانەت ئامادە نین هەست بە بەرامبەرەکانیان بکەن و پێداویستییەکانیان بناسنەوە، بە پێچەوانەوە بڕوایان وایە دەبێت کەسی بەرامبەرییان خۆیان لەگەڵ بگونجێنن و بناسێنن. (Foster, 2003, 485-486).

10. زۆرجار ئیرەیی بە کەسانی تر دەبەن، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا پێیانوایە: کەسانی تر ئیرەییان پێدەبەن.

11. ڕەفتار، یان هەڵسوکەوت و هەڵوێستی خۆبەزلزانانەیان هەیە و خۆبەزلزانانەی خۆیان پیشان دەدەن. (لسانی، 1400، ل 81).

ئەمانە و چەندین نیشانەی تر هەن کە لە مرۆڤی نارسیستدا بەدیدەکرێن، تەنانەت هەندێک توێژینەوە تاکو نزیکەی "30 " نیشانە و تایبەتمەندیی دیاري دەکەن، بەڵام بۆ ئەوەی درێژدادڕیی نەکەین و لە باسەکەمان دوورنەکەوینەوە تەنیا ئەو چەند تایبەتمەندیی و نیشانەی سەرەوەمان پێ باشبوو باسی لێوە بکەین. بە سەرنجدان لەم تایبەتمەندیی و نیشانانەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە نارسیست جۆرە تێڕوانین و بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتێکیان هەیە، لە مرۆڤی ئاساییدا نییە. هەروەها هەندێک سیفەتیان خۆنەویستانەیە تەنانەت خۆشیان هەستی پێناکەن کە لەوجۆرە کەسانەن، هەروەها گەر بێت تێبهزرین و سەرنج بدەین، دەبینین نیشانە و تایبەتمەندییەکان فرەجۆر و هەمەلایەنن هەم لە ڕووی جەستەیی و دەروونی هەستی پێدەکرێت، هەم لە ڕووی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەشەوە. ئینجا نارسیسیزم وەک نەخۆشییەکی دەروونی جیاوازە لە چاو بابەتێکی ئەدەبی. واتا کاتێک زاراوەکان وەردەگیرێن لەنێو ئەدەبدا گۆڕانکارییان بەسەر دادێت.

### 5-1- تێکچوونی مرۆڤی نارسیست:

دەروونزانێکی مەزنی وەک " ئەلفرێد ئادلەر" بۆچوونی تیۆرەکەی لەسەر هەستی "خۆ بەکەمزانین" بنیاتناوە. ئەم زانایە ڕاستەوخۆ بۆچوونەکانی لەبارەی تێکچوونی کەسایەتیی دەردەبڕێت و پێیوایە: (تێکچوونی کەسایەتیی مرۆڤ لە سەرەتای منداڵییەوە دەستپێدەکات و لەگەڵ ژیانیدا بەردەوام دەبێت، تاکو تەواوی هەستەکانی مرۆڤەکە جڵەوگیر دەکات، ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئەو تێکچوونە کاردەکاتە سەر هزر و کار و کردەوەکانی و ئەوانیش دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆی). (عبدالرحمن، 2018 ، ل 58). "ئادلەر" خۆی لە ڕووی جەستەیی و نەخۆشییەوە کەسێکی لەڕ و لاواز بوو، بۆیە

تیۆرەکەشی لەناو ناخی خۆیەوە هەڵدەقوولێت و زیاتر کاری لەسەر شاعیر و بەهرەمەندە کەمئەندام و نەخۆشەکان دەکات و تیۆرەکەی بەسەر ئەوانەوە پراکتیزە دەکات. سەرەتا "ئەدلەر" لەگەڵ "فرۆید" کاری دەکرد و کاریگەر بوو بە بۆچوونەکانی ئەو، بەڵام دواتر خۆی شێواز و ڕێگا و میتۆدی لێکۆڵینەوەی خۆی دۆزییەوە و گەشەی پێدا. (( "ئەلفرێد ئەدلەر" خاوەن قوتابخانەی دەروونناسیی تاکییە و بەم دووایيانە کێبڕکێیەکی چالاکی لەگەڵ قوتابخانەی دەروونشیکاری "فرۆید"ی سازاند، واتا وای لێهات بەوە ناوزەندیان کرد کە دژی یەکترن، بەڵام ناساندنی قوتابخانەی دەروونناسیی تاک لەسەردەستی "ئەدلەر" ناوبانگی زۆر زانست و زانینی بەخشییە ئەو بیرمەند و زانایە، تا ئێستاش ڕێنمایی و شێوە چارەسەرییەکانی ئەو لە زۆربەی دامودەزگا تایبەتییەکانی تایبەت بەو نەخۆشییانە پەیڕەودەکرێت)). (ئەدلەر: 2005، 105). هەروەها "ئادلەر" بۆچوونی وایە ((هیچ کەسێک زیاد ناکات، تەنیا لەبەر کەموکوڕییەک نەبێت)). (الرحمانی، 2021، 181).

واتە: هەموو مرۆڤێک تاڕادەی خۆی هەست بە کەمی دەکات و لە هەوڵی ئەوەش دایە ئەم کەموکوڕییانەی پڕبکاتەوە، "ئەدلەر" پێیوایە: هەموو منداڵێک هەستی "خۆبەکەمزانین "ی تێدایە، چونکە ئەو منداڵە هەست بەوەدەکات ناتوانێت پێداویستییەکانی خۆی جێبەجێ بکات، ئەو منداڵە هەست بەوە دەکات، کە جەستەی لاوازە توانای جەستەیی وەک هی گەورەکان نییە، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات وردەوردە ئەو هەستی "خۆبەکەمزانین"ەی کەم دەبێتەوە. بێگومان ئەوەش پەیوەیستە بە باری دەروونیی کەسەکە، دواجار کار لە کەسایەتیی مرۆڤەکە دەکات. وا دەکات مرۆڤ بکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو کەموکوڕییانە و هەست بە لاوازی بکات. ئینجا بۆ ئەوەی زاڵ بێت بەسەر لایەنی دەروونی خۆی و بتوانێت ئەم کەموکوڕییانە بە لاوە بنێت، دەکەوێتە بەرەنگاریی لەگەڵ دەروونی خۆی، دواجار نارسیستبوونی لێ پەیدادەبێت و لە هەموو شتێکدا خۆی پێ ڕاست دەبێت. ڕەنگە ئەم بەرەنگارییە زۆرەی لەگەڵ دەروونی خۆیدا بە زیان بشکێتەوە و لە لایەنی تردا ڕووبەڕووی کۆمەڵێک کێشە و کەموکوڕیی تر بێتەوە. کەواتە: بۆچوونی "ئەدلەر" دروستە کە پێیوایە: نارسیست لە پەیوەندیی تاکەکەسیدا، تاک بە تەنها لە هزریی خۆیدا تەنیا بۆ گەیشتن بە ئامانج و دڵخۆشی کەسایەتیی خۆی پەیوەندیی لەگەڵ دەوروبەری خۆیدا گرێدەدات. هەڵبەتە ئەو کەسە تەنیا بۆ لێکدانەوەی پەیوەندییە تاکەکەسییەکەی خۆی لەگەڵ کۆمەڵگە لە ڕووی کۆمەڵایەتیی و تەندروستییەوە هەنگاودەنێت.

### 1-6- ناسنامەی مرۆڤی نارسیست لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە:

دەروونناسیی لە گۆشەنیگای جیاوازەوە دەست دەکات بە مامەڵەکردن لەگەڵ نارسیست، چونکە دەبێت ئاماژە بەوە بکرێت کە بە بڕوای توێژەران، خۆشەویستیی خود بە پلەی جیاواز لە هەر یەکێکماندا ڕەگوڕیشەیەکی قووڵی داکوتاوە. بۆیە بە بۆچوونی ئەوان، بە تێگەیشتن لە ڕەهەندەکانی نارسیت، خۆمان بناسین. لەگەڵ ئەمانەشدا هەندێک لێکۆڵینەوە ئەنجامدراوە، دەردەکەوێت کە نارسیستەکان زیاتر لەوانی تر ژیانی کۆمەڵایەتییان خۆشدەوێت، ئەمەش وایان لێدەکات ئاسانتر دەربکەون و سەرنجی خەڵک بۆ خۆیان ڕابکێشن.

جگە لەمەش زۆربەیان پشتڕاستیان کردەوە کە تایبەتن و دەتوانن ئەو ئەرکانە ئەنجام بدەن کە ئەوانی دیکە ناتوانن. پێشکەوتن و پەرەسەندنی دەروونناسیی و لاکردنەوەی ڕەخنەگران لە بەکارهێنانی چەمک و زاراوە دەروونییەکان بەشێوەیەکی زیاتر کاریگەریی دەروونناسیی بەسەر ئەدەبدا ڕووندەکاتەوە. کەواتە: هەر لێرەوە لەپاڵ ڕەخنەی کۆمەڵایەتیی و ڕەخنەی مێژوویی، ڕەخنەیەکی تریش سەرهەڵدەدات بۆ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، ئەویش ڕەخنەی دەروونناسییە. واتە: دەروازەیەکی تر زیاد دەبێت بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی ئەدەب و دەقی ئەدەبی. بۆ ئەمەش ڕەخنەگران سوودیان لە بۆچوونەکانی هەریەک لە "فرۆید"، "یۆنگ"، ئەدلەر" وەرگرت، چونکە خودی "فرۆید" وەکو باسمان کرد چەندین لێکۆڵینەوەی لە ژیانی هونەرمەند و ئەدیبان کردووە، ژیانی ئەوانی کردووە بە ئەزموونی هەندێک لە کارەکانی تاقیگەکەی.

دیارە ئەم نزیکبوونەوەی دەروونناسیی لە ئەدەب، وادەکات هەندێک بۆچوونی جیاواز دەرببڕێت لەسەر ئەدەب و دەقی شیعردا. بۆ نموونە: "فرۆید" جەخت لەوە دەکاتەوە و دەڵێت: (جیهانی شیعر جیهانێکی ناواقیعییە، ئەنجامی یارییەکی هونەرییە). (حسن، 1986، ل 26). بێگومان دەروونشیکاریی بابەت و شتی زۆر لەسەر دەروون و هەڵسوکەوتی شاعیر

بەدەستەوە دەدات، ئەمەش بەجۆرێکە دەتوانێت هەڵسوکەوت و ڕەفتاری کەسەکان لەنێو ئەدەبدا بباتەوە بۆ سەر بابەت و شتە بنەڕەتییەکەی خۆی، بێگومان ئەمە لە ئەنجامی ڕۆچوونی دەروونییانەی نێو ناخی ئەدیب و داهێنەرە، چونکە (شیکردنەوەی دەروونی هونەر دەتوانێت بوونی بنەڕەتیی کار دووبارە بکاتەوە). (Gundersen, 2022, p76). بەو واتایەی کە لە ڕێگای شیکردنەوەی دەروونی بۆ ئەدەب دەتوانرێت کارەکانی ئەدیبێک، یان داهێنەرێک دووبارەبکەینەوە، تەنانەت لە بوارەکانی تریش دەتوانرێت سوود لە بواری دەروونی وەربگیرێت بۆ دووبارە ئەنجامدانەوەی ڕەفتاری کەسەکان.

ئینجا یەکێک لەو وشە و زاراوە دەروونیانەی کە زۆر لە سروشتی ئەدیب و شاعیرەوە نزیکە، زاراوەی نارسیسییزمە "Narcisme " ئەم زاراوە دەروونییە زیاتر لای ئەو شاعیر و ئەدیبانە ڕەنگدەداتەوە کە زیاد لە پێویست بە لای خودی خۆیاندا دایانشکاندۆتەوە، تەنانەت شاعیران بیانەوێت و نەیانەوێت زۆرجار ناتوانن لەژێر جڵەوگیری ئەم زاراوەیە ڕزگاریان بێت، چونکە (هەموو شاعیرێک نارسیستە، چێژ لە خۆویستنی خۆی دەبینێت). ( Marchlewska, 2016, p 156). هەموو شاعیر و ئەدیبێک نارسیستە، بەڵام بە ڕێژەی جیاواز، چونکە دۆخێکی دەروونییە، دۆخی دەروونیش بە یەک ئاست لە هیچ کەسێکدا دەرناکەوێت، بەڵام لەمرۆدا بەکارهێنانی ئەم چەمکە لە بواری ئەدەبی و دەروونی هەندێکجار بۆ لادانی سێکسی بەکاردەهێنرێت. واتە: هەمان ئەو لادانەی وا لە مرۆڤ دەکات لە عەشقی خۆیدا بخنکێت، چونکە زانایانی دەروونناسیی وای بۆ دەچن کە ئەم نارسیسیستبوونە دوو دۆخی هەیە (یەکەمیان قۆناغی منداڵی، کە لەگەڵ لەدایکبوونیدا ئەم هەستەی هەیە. دووەمیشیان لە قۆناغی هەرزەکارییە، لێرەدا مرۆڤ ئەم هەستە لە دەوروبەری خۆی وەردەگرێت، تاکو لە بوونی خۆیدا بیچەسپێنێت). (حسین، 2002، ل 84). ئینجا ئەگەربێت و عەشقی بە لای خۆیدا زیاتر بوو، ئەوا بەرەو توندوتیژی دەچێت، لەم کاتەدا پێیدەڵێن: "Nevrose Ncercissitue" هەستی نەرگسییەت.

ئەمجۆرە نارسیستە بەهۆی وەستانی پەرەسەندنی ویژدانی قۆناغی یەکەم لەدایکدەبێت، یان بەهۆی زیادبوونی دۆخی نارسیست لە قۆناغی دووەم، لەمکاتەدا مرۆڤ شتێکی لێ پەیدادەبێت و ئارەزوو دەکات، لەگەڵی بەردەوام بێت، ئەویش دەروونی خۆیەتی. زۆربەی زانایانی بواری دەروونی لەسەر ئەوە کۆکن، کە لێکچوونی تەواو لە نێوان نەرسیس، یان نارسیستی گەنج و شێوەی گوڵی نێرگزدا هەیە، لەبەرئەوەی نارسیستی گەنج ئەگەر بە خۆیدا چوویەوە، ئەوا عەشقی خۆی دەبێت، بە هەمان شێوە گوڵی نێرگزیش ئەگەر بە خۆیدا چوویەوە شێوەکەی لە دۆخی نارسیستی گەنج دەکات، ئەم لێکچواندنە لە سەدەی بیستەمدا بوو بە دیاردە. (صلبیا، 1978، ص 464). واتە: جۆرە لێکچوونێکی تەواو هەیە لە نێوان دۆخە دەروونییە نارسیستەکە و گوڵی نێرگز لە ڕووی پێگەیشتن و گەیشتن بە لووتکەی نارسیسییزم، چونکە گوڵی نێرگزیش بە هەمان شێوەی بارە دەروونییەکەی مرۆڤ بە دوو قۆناغ تێپەڕدەبێت، بەڵام نابێت ئەوەش لەبیربکەین بۆچوونی پێچەوانەش لەسەر ئەو بۆچوونەی سەرەوە هەیە، بۆ نموونە دەگووترێت: ( نارسیست پێچەوانەی حەز لە خوگەرایی و سەرسامبوونە). (Zavala, 2011, p 121). ئەم بۆچوونە ڕێک پێچەوانەی بۆچوونەکانی تری نارسیستە، هەروەها: (زۆرێک لە ڕەخنەگرەکان دیاردەی هەڵوەشاندنەوەی ژیانی کەسەکان بۆ نەرگسییەت دەگەڕێننەوە). (Kruglanski, 2020 p 118). بەم پێیەش بێت لێرەدا نەرگسییەت دەچێتە چوارچێوەی تایبەتمەندیی مرۆڤەکان و بەتاڵ دەبێتەوە لە ناواخنە دەروونییەکەی.

"ئەریک فۆرم" بۆچوونێکی جیاوازیی هەیە لە قاڵبی مۆرکە چارەسازییەکە "چارەسەری دەروونی" دووری دەخاتەوە و مۆرکێکی کۆمەڵایەتیی و دەروونی دەداتە پاڵ نارسیست و پێیوایە: مرۆڤ ( نارسیست لە بەرامبەر چەندین جۆری شێوەی لەخۆباییبوون و ستایشکردنی خودی خۆت و ڕەزامەندبوون بە خود و سەرسوڕمان و شەیدایی و ئارەزوو و حەزی بە لای خۆیدا دایدەنێت). (Zaduqisti, 2022, p 280). واتە: مرۆڤ هەر کاتێک جۆرێک لە خۆباییبوونی هەبێت، یان زیاد لە پێویست ستایشی خۆی بکات، یاخود حەز و ئارەزووی بە لای خۆیدا بێت و هەمیشە ڕەزامەند بێت بە کارەکانی خۆی، تەنانەت بێ ئەوەی شایەنی ئەو ڕەزامەندییە بێت، ئەوا بە ناڕاستەخۆ تووشی جۆرێک لە نارسیستبوون دەبێت.

دەبێت ئەوەش بڵێین: مرۆڤی نارسیست جیایە لە خەڵکی ئاسایی تر، چونکە (تاک سیمای نارسیستی خۆی دەخاتەڕوو،

وەک پێویستییەکی داکۆکیکردن دژی دوژمنییەتی، نەوەک وەکو پێویستییەک کە تەنها خۆشەویستیی و خودشەیدایی بسەپێنێت). (Song, 2021, p112). بەم بۆچوونەش بێت نارسیست بریتیی نابێت لەوەی تەنها وەک چارەسەر ڕۆڵ ببینێت، بەڵکو سنووری لێرەدا بە پێچەوانەی بۆچوونەکانی ترە، چونکە بە لایەنی ئەرێنیی دەڕواننە نارسیست و وەک پیویستییەک لێی دەڕوانن.

نارسیستی نوێ لە چەند شتێکەوە پەیدا دەبێت، وەک ( ترس لە بێتوانایی، ترس لە مردن، بەڵام (نارسیست هەست بە بێ ئارامی و تاوان دەکات، دوور لەوەی گرفتی خۆی بگەیەنێتە کەسی تر، بەڵکو بە دوای واتایەکدا دەگەڕێت بۆ ژیان). (Rikardi, 2020 p 34). ماوەتەوە بڵێین: گیانی نارسیستی ستایشی هاوکاریکردنی بەرامبەرەکەی دەکات، لە ناخی خۆشییەوە شتی شاراوەی دوور لە هۆکاری کۆمەڵایەتیش هەڵدەگرێت. لەهەمانکاتدا ئەم گیانی نارسیستە ئامادەبوونێکی دیار و بەرچاوی هەیە، لەو نێوەندە ئەدەبی و هونەرییەکاندا، بە تایبەتی ئەدەبی سووریالی و ئەدەبی دانپیانان "الادب الاعترافي"، هەمان ئەم ئامادەبوونە وای لە ڕەخنەگران دەکات ئاوڕ لەم چەمکە دەروونییە بدەنەوە و بۆ دیاریکردنی دیاردە دەروونییەکانی کەسی ئەدیب، یان داهێنەر، ئینجا بە دەروازەیەکی دەروونیی گرنگییان دادەنێت بۆ چوونە نێو ئەدەب و دۆزینەوەی شتە نادیارەکانی نێو دەق و لکاندنەوەیان بە دەروون و لایەنە شاراوەکانی تری ژیانی ئەدیب، یان شاعیر، بە تایبەتی ئەو ئەدەبەی کە لە لایەنە کۆمەڵایەتییە گشتییەکان دوور دەکەوێتەوە و جەخت لەسەر دەربڕینی ناوەوەی دەق دەکاتەوە، یان بڵێین: ئەو ئەدەبەی کە بایەخی سەرەکی بە لایەنی دەروونی ئەدیب و کەسەکان دەدات، بۆ نموونە کاتێک شاعیرێک، یان ئەدیبێک بەرهەمێکی ئەدەبی دەنووسێت تیشک ناخاتە سەر دەروونی خوێنەر، یان کەسەکان، بەڵکو تیشک دەخاتە سەر لایەنە کۆمەڵایەتییە گشتییەکان، ئەمەش وادەکات ڕەخنەگر نەتوانێت لە دەروازەیەکی دەروونییەوە بچێتە نێو دەقەکەوە، بەمشێوەیە زەمینەیەکی باش و لەبار بۆ ڕەخنەگر نایەتە ئاراوە بۆ ئەوەی جەخت لەسەر بوارە دەروونییەکە بکاتەوە و شتە شاراوەکانی نێو ناخی ئەدیب بدۆزێتەوە و بیخاتەڕوو.

### 7-1- پەیوەندیی نێوان نارسیسییزم و ئایین:

پەیوەندیی نێوان نارسیسیزم "خۆپەرستیی، یان خودپەرستی" و ئایین لە چەندین ڕوانگەی دەروونناسیی و فەلسەفیدا باس دەکرێت. لەم ڕوانگەیەوە مەسەلەی نارسیسییزم دەکرێت وەکو بابەتی "پاراستنی خود، یان گەیشتن بە پەرستنی خود" باسبکرێت.

بێگومان خاڵی هاوبەشی نێوان نارسیسییزم و ئایین خۆی دەبینێتەوە لە مەسەلەی "پەرستن"، چونکە لە ئاییندا بەشێوەیەکی گشتی جەخت لەسەر خواپەرستی دەکرێتەوە، پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و ئایین لەوکاتەدا بەهێز دەبێت کە خودی مرۆڤ لە پەیوەندییەکی بەهێزدا بێت لەگەڵ پەروەردگاری خۆی، بە پێچەوانەوە لە نارسیسییزمدا جەخت دەکاتەوە لەسەر گرنگیدان بە خود، تا دەگاتە ئەو ئاستەی لە کۆتاییدا دەبێتە پەرستنی خود. (Pargament, 1997, p61). واتە: لە نارسیسییزمدا مرۆڤ خۆی دەخاتە شوێنی خودا، بە واتایەکی تر مرۆڤ لە پەرستندا شوێنی خودا دەگرێتەوە، ئەمە سەربارەی ئەوەی لە زۆربەی ئایینە ئاسمانییەکاندا پەرستنی مرۆڤ ڕێگا پێدراونییە، بەڵام نارسیسییزم هات و ئەو تابۆیەی شکاند و جەختی کردەوە لەسەر خود، پاشان خود، دوای ئەویش هەر خود، ئەمەش پیشاندانی ئەوپەڕی خودویستن و خودپەرستییە لە ئاییني ئیسلامدا یەکەم کەس کە بەرانبەر خودا خۆی بەگەورە زانی ئیبلیس "شەیتان" بوو، چونکە کاتێک کە خودا فەرمانی پێکرد کڕنووش بۆ ئادەم ببات خۆی بە گەورە زانی و کڕنووشی نەبرد،

بەڵام لە فەلسەفەی ئایینی کریستیانیدا، نارسیسییزم "خۆپەرستی- Superbia" یەکێکە لە حەوت گوناهە سەرەکییەکانی ئەم ئایینە. بە "Seven Deadly Sins" دانراوە، چونکە بڕوا و باوەڕیان وایە: ئەم خودپەرستییە ڕێگرە لە پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و خودا. ئینجا ئایینی مەسیحی خودپەرستی بە پێچەوانەی پەرستنی خودا دادەنێت. هەروەها خودپەرستی "Superbia" لە فەلسەفەی مەسیحیدا بە گەورەترین گوناهـ دادەنرێت، چونکە کردارێکە دژی خودایە. ( Campbell, 2013, p 39).

"تۆماس ئەکویناس" "Thomas Aquinas" لە کتێبی "Summa Theologica" دا ڕەچاوی ئەوە دەکات کە

خودپەرستی "نارسیسییزم" بەهێزترین و گەورەترین گوناهە کە مرۆڤ ئەنجامی بدات، چونکە مرۆڤ دەکاتە جێگەی خودا. ( Aquinas, 2018, p 109 ). جگە لەمەش ئەوەتا لە "کتێبی پیرۆزدا" باس دەکرێت کە "هەر کەسێک خۆی بەرز بکاتەوە، خوار دەکرێتەوە، هەر کەسێک خۆی خوار بکاتەوە، بەرز دەکرێتەوە." (ئینجیلی مەتتا ٢٣:١٢). ئەمەش نموونەیەکە لە ئایینی مەسیحیدا هاتووە کە نارسیسییزم ڕەت دەکاتەوە، بە پێچەوانەوە جەخت لەسەر ملکەچیی و بەخشدەیی دەکاتەوە. هەروەها ئاینیی مەسیحی خودپەرستیی وەک ڕێگایەک بۆ دوورکەوتنەوە لە خودا دەبینێت و نەرم و نیانی و خزمەتکردنی خەڵک وەک ڕێگایەک بۆ نزیکبوونەوە لە خودا پەسەند دەکات.

هەروەها لە ئایینی بوداییدا، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ نارسیسییزم ڕەتدەکرێتەوە، چونکە پێیوایە: کە (نارسیسییزم دەکرێت ببێتە هۆکارێک بۆ نەزانین "Avidyā"، بێگومان نەزانینیش ڕێگری لە پەرستنی ڕاستەقینە دەکات). ( Binns, 2006, p 559-558).

هەروەها لە چەندین توێژینەوەی تری کۆمەڵایەتیدا دەردەکەوێت کە پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لە نێوان ئاستی نارسیسییزم و بێباوەڕبوون. بە پێی لێکۆڵینەوەکانی "Twenge & Campbell" لە ساڵی "2009" دا ئەنجامدراوە،
- دەرکەوتووە نارسیست زیاتر ڕەوشتی "خۆپەرستی" یان هەیە و کەمتر پەیوەستن بە ئایینەوە.

## 2- نارسیسییزم و داهێنانی شیعر، لای شاعیرانی کلاسیکی کوردیی کرمانجی ناوەڕاست

کاتێک دیوانی شاعیرانی کلاسیکی کوردی دەخوێنینەوە، دەبینین شاعیرانی کلاسیکی کوردی لە دووتوێی بەرهەمەکانیاندا، شاعیران جۆرێک لە شانازیی بە خۆیانەوە دەکەن، بەڵام ئەوەی ئێمە مەبەستمانە، بریتیی نابێت لە شیعری شانازیی، بەڵکو مەبەستی ئێمە بریتییە: لە دەرخستن و دیاریکردنی هەستی نارسیسییزمییانەی شاعیرانی کورد لەنێو دەقەکانیاندا، ڕەنگە ئێستا بپرسین جیاوازیی چیە؟ لە نێوانی هەستی شانازیکردن و نارسیسییزم. پێش ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە سەرەتا با بزانین "شانازیی و شانازیی بەخودکردن چییە؟" چونکە وشەی شانازیی لە بواری ئەدەبیدا، وەکو یەکێک لە مەبەست و ناوەڕۆکە شیعرییەکان، یان کۆمەڵێک دەستەواژەی تاودان و گەرموگوڕبوون، یان ستایش باسی لێوەدەکرێت. لەوانەیە باشترین هاوتای ئەم وشەیە لە زمانی کوردیدا بریتیبێت لە زاراوەی شانازیی. ( شانازیی واتا: بە خۆنازین، خۆستایی و پیشاندانی شانازیکردن بە تیرە و ڕەچەڵەک. بەڵام لە زاراوەی ئەدەبیدا بەو شیعرانە دەگوترێت کە شاعیر تێیاندا کارەکانی خێڵ و هۆزی خۆی پیشان دەدات و شانازییان پێوە دەکات). (نەژاد، 1395، ل 144).

شانازیی یەکێکە لە مەبەست و ناوەڕۆکە بنەڕەتییەکانی ئەدەبی جیهان، چونکە ئەم هەستی شانازیی بەخۆکردنە لە ئەدەبی گەلانی تریشدا بەرچاودەکەوێت، بەڵام لە شیعرە عەرەبییەکاندا جێگە و پێگەیەکی تایبەتی هەیە، لەبەر ئەوەی ئەم هەستە پەیوەستە بە گرێی گیانییەوە "گرێی نارسیسییزم" هەڵبەتە وەکو باسمانکردووە وشەی نارسیسییزم واتایەکی نەرێنیی هەیە و بە کەسێک دەگوترێت کە خۆی پێ جوانە و سەرسامە بەخۆی، لە فارسیدا بە واتای خودشیفتە "خولیای خۆ" دێت کە جۆرێک نەخۆشیی دەروونییە). (نژاد، 1396، ل 144)، "هەروەها (خۆشیفتەیی نیشانەی خودتەوەری و خۆبەزلزانی نییە، بەڵکوو ئەو بارودۆخە هزرییەیە کە تێیدا، کەسێک خۆی لەباتی کەسێکیتر دەکاتە ئامانجی خۆشەویستی. زۆربەی هونەرمەند و شاعیر و نووسەران داکۆکیی و بەرگرییان لە سەروەریی هونەریی خۆیان بەسەر ئەوانیتردا کردووە). (محمدی، 1389، 78).

ئێستا دەگەڕێینەوە بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارەکە بدەینەوە، لە وەڵامدا دەڵێین: شانازییکردنی شاعیر بە دەقەکانی خۆیی و نارسیسییزیەت لەوەدا جیا دەبنەوە کە شانازییکردن بە هیچ جۆرێک هەوڵنادات بەرامبەرەکەی بسڕێتەوە و تەنها خودی خۆی پێ پەسەندە و قبووڵ بێت، بەڵکو چۆن خۆی پێ قبووڵ و پەسەندە، بە هەمان شێوە بەرامبەرەکەشی قبووڵە. بەڵام لە نارسیسییزمدا نارسیست تەنها جەخت لە خودی خۆی دەکاتەوە و بەرامبەرەکەی سفر دەکاتەوە و هیچ نرخ و پایە و گرنگیەکی بۆ دانانێت، ئینجا بە وردبوونەوە لە بەرهەمی شاعیرانی کلاسیکی کوردی، ئەم دیاردەیە زۆر بە زەقی بەدیار دەکەوێت، چونکە شاعیر کاتێک دەستەواژەی "من"ی بەکارهێنا ئەوا ڕاستەوخۆ بە هیچ دانەنانی

بەرامبەرەکەیەتی، لەگەڵ ئەوەشدا کاتێک خوێندنەوە و ڕاڤە بۆ ئەو دەقە شیعرانەی شاعیران دەکەین، کە دەستەواژەی "من"ی تێدا بەکارهاتووە واتایەکی جیاواز بەدیدەکرێت کە لە سەرووی هەستی شانازییکردنی شاعیرە بە بەرهەمەکانی "خودی خۆی، نەتەوە، بنەماڵە، باب و باپیران".

بێگومان ئەوەش لەوەوە سەرچاوەی دەگرێت کە خودی شاعیر ئەوەی لای گرنگە بریتییە: لە نرخی شیعر، هەندێکجاریش پەل دەهاوێ بۆ خۆهەڵکێشانێکی لە ڕادەبەدەر، لە ئەنجامیشدا هەنگاونانە بۆ نرخدانان بۆ بەرهەمی خۆت لە چاو بەرهەمی شاعیرێکی تر. ئەم دیمەی شانازیکردنی شاعیر بە بەرهەمەکانی خۆی و بە هیچ دانەنانی بەرامبەرەکەی لە بەرهەمی چەندین شاعیری کلاسیکی کورد دەبینرێت: لەوانەش:-

## 2-1- نالی "1800-1856"1

لای "نالی" هەستی نارسیسییزمبوون بەشێوەیەکی زۆر بەرچاودەکەوێت، بێگومان ئەم هەستەی شاعیریش لەوە سەرچاوە دەگرێت، کە خودی شاعیر مەبەستییەتی دەسەڵاتی شیعریی خۆی بە دەوروبەرەکەی پیشان بدات، بە واتایەکی تر "نالی" دەیەوێت بە نوخبە و ڕۆشنبیر و شاعیرانی سەردەمی خۆی بڵێت: ئەوەی من دەیڵێم و دەیخوڵقێنم لە توانای هیچ کەس دا نییە داهێنانی لەمشێوەیەی "من" بکات. وەکو دەڵێت:

بێتــە حوجرەم، پـارچە پـارچەی موسوەدەم بکرێ بەگیان
هــــەر کـــــەسێ کـوتاڵ و پارچەی بێ بەدەڵ سەودا دەکا
شــــیعری خــەڵـقی کـەی دەگـــاتە شیعری مـــن بۆ نازکی
کــەی لـــە دیــقـقەتــدا پــــەتک دەعوا لەگەڵ هەودا دەکات (مودەریس، 1380، ل 107).

"نالی" لە حوجرەکەیەوە بانگەواز بۆ ئاڵنگاریی و ڕووبەڕووبوونەوە دەکات، بەوەی کە هەر کەسێک بە دوای پارچە قوماشی گرانبەها "شیعری باش"دا دەگەڕێت، با بێتە حوجرەکەی ئەو، تاکو نموونەی وەهایان پیشان بدات، بەها و نرخی دەستنووس و سیپارەکانی خۆی بەرامبەر نرخی گیانی مرۆڤەکان دادەنێت، واتە کەسی بەرامبەر دەبێت گیانی خۆی بدات ئینجا دەتوانێت دەستنووسێکی شیعری شاعیر بکڕێت. ئەمەش پیشاندانی ئەوپەڕی هەستی نارسیستانەی شاعیرە، چونکە لەبەرامبەر تاقە دەستنووسێکی خۆی داوای بە بەهاترین شتی مرۆڤ دەکات، ئەویش گیانە، "نالی" ئەوەندە چۆتە نێو هەستی نارسیسییزمیانەی خۆی تەنانەت پێیوایە: ئەو کەسەی گیانی پێشکەش بکات لە بەرامبەر دەستنووسێک، هێشتا ئەو قازانج دەکات، لەکاتێکدا مرۆڤ ئەگەر گیانی نەمێنێت بێگومان ژیانیشی نامێنێت، ئەم نرخدانانەی "نالی" بۆ؟ شاعیر شیعرەکانی خۆی بە قوماشی ئاوریشم دەچوێنێت، بێگومان تانوپۆی قوماشی ئاوریشم هەندێک وردەکاریی و دیقەت و دەستڕەنگینیی و هزر ڕەنگینیی دەوێت، ئەگەر کەسێکی لێزان و وەستا و کارامە نەبێت بۆی نایەتە بەرهەم، لە بەرامبەردا "نالی" شیعر و بەرهەمی کەسانی تری بە شتێکی بێ نرخ و بەها دادەنێت، جیاوازیی هەستی شانازیی و نارسیسییزم لێرەدا دەردەکەوێت، چونکە کاتێک "نالی" دەڵێت: "پەتک دەعوا لەگەڵ هەودا دەکات" پەتک = (ئەو بەنەی

---

[1] مەلا خدر ئەحمەدی شاوەیسی ئاڵی بەگی میکایلی ناسراو بە "نالی" "1800 - 1856" بەردی بناغە و دامەزرێنەری قوتابخانەی شیعریی بابانە، یەکەمین شاعیرانی شێوەزاری کوردیی ناوەندییە. لە گوندی خاک و خۆڵ، لە دەشتی شارەزوور هاتووەتە دنیاوە. هەر لە تەمەنی منداڵی چووەتە بەر خوێندن لە حوجرە. لە سەرەتادا پەرتووکی فارسی و قورئانی خوێندووە، دواتر زانستەکانی تری قورئان و فەرموودە و ڕستەسازیی و ڕەوانبێژیی، و فەلەک و فیقه و ژیاننامەی پێغەمبەر "د.خ" خوێندووە. تا خوێندنی ئەمانەی تەواو کردووە و دواتر مۆڵەتی زانستیی وەرگرتوو، لە چەندین شوێنی وەک سنە و مەهاباد و هەڵەبجە و سلێمانی و لای چەندین مامۆستای باشی ئەو سەردەمەی خۆی خوێندوویەتی. دوای تەواوبوونی خوێندنەکەی، "نالی" مەلایەکی باش و ڕۆشنبیرێکی گەورەی لێدەردەچێت، بێجگە لە زمانی دایکی کە کوردی بووە فارسی و تورکی و عەرەبیشی بە باشی زانیووە، تەنانەت شیعریشی پێ نووسیوون. (خەزنەدار، 2010، ل 147-144). لە دیاریکردنی ساڵی لەدایکبوون و کۆچی دوایی شاعیرەکان پشت بە بۆچوونەکانی "د.مارف خەزنەدار" دەبەستین.

بەرە و جەوالّی لیَ دروست دەکریَت). (موکریانی، 1384، ل 185). ئاڕاستەی گووتەکانی "نالی" ڕووەو خەلّکە خویَندەوار و ڕۆشنبیرەکەی سەردەمی خۆیەتی، چونکە (ڕەخنەی زۆریان لیَگرتووە و بیَبەزەییانە دەستیان دابووە قسەپیَگووتنی). (گۆران، 2020، 196). ئەویش بەمشیَوەیە وەلاّمی داونەتەوە و شیعری ئەوانی بە پەتیَک دەچوویَنیَت کە هیچ بەهایەکی نییە لە ئاست قوماشی ئاوریشم. ئەم هەولّەی "نالی" دەچیَتە چوارچیَوەی داهیَنانی کەسی، چونکە مرۆڤە نارسیسستەکان زۆرجار باوەڕیان وایە کە داهیَنەرن و توانای تایبەتییان هەیە لە داهیَنان و نویَگەریی. ( Goncalo et al, 2010, p 36). واتە لەسەر ئاستی تاکە کەسی مرۆڤی نارسیست و جۆرە هەلّسوکەوتیَک دەکەن، کە جیاوازە لە هەلّسوکەوتی باوی کۆمەلّگە، بیَگومان نووسینی دەقی شیعری لە سەردەمی "نالی"دا داهیَنانیَکی ناوازە بووە، لەهەمانکاتدا تووشی ڕەخنەی زۆریش بووە، چونکە هەلّسوکەوتەکەی "نالی" جیاواز بووە لە هەلّسوکەوتی باوی سەردەمەکەی خۆی.

یان "نالی" دەلّیَت:

لایــــــەقی مــــــەخزەنی تەبعە هەموو کەنزی غەزەلم

قـــابیلی زەربی ڕەواجــــە زەڕ و زیــــــوی مەسەلم

ســـــایەیی پـــــایـــــە وەکـــو باڵی هوما و بازی سپیم

نـــەوەکو بـــوومی قەدەم شووم و نە هەمڕەنگی قەلم (مودەریس، 1380، ل 288-289).

واتە هەرچی شیعرم هەیە وەک زیَڕ و زیوی ناو گەنجینە وان، شایەنی ئەوەیە لە کۆگا و ئەمباری چاپخانەدا دابنریَت، هەرچی قسەی نەستەق و بە تویَکلّم هەیە، بۆ ئەوە دەشیَت بلاّوببیَتەوە بە ولاّتاندا وەک پارەی بەناوبانگ، کاتیَک خەلّک دەستا و دەستی پیَدەکەن، خەلّکیش دەما و دەم شیعرەکانی ئەو بۆ یەکتری دەگیَڕنەوە هەستی نارسیستییانەی "نالی" گەیشتۆتە ئاستیَک هەموو زیَڕ و زیوی دونیای هیَناوەتە ئاست دیَڕە شیعریَکی خۆی، چونکە یەکیَک لە نیشانە و سیفەتەکانی کەسانی نارسیست ئەوەیە خۆیان بە بەهرەمەند پیشان دەدەن، چاوەڕیَی ئەوە دەکەن وەک بالاّدەست و خاوەن ئەزموون بناسریَن بەبیَ ئەوەی هاوتا ئەوە بن پیَیان بگووتریَت بەهرەمەند. تەنانەت پیَیانوایە: ئەوەندە ناوازەن دەبیَت هەموو کەسیَک تیَیان بگات. (Madson, 1997, p 35-37).

"نالی"یش ئەم چەندیَرەی لە وەلاّمی هەندیَک کەسی دەستڕۆیشتووی نیَو بارەگای دەرباری بابان وتووە، کە ڕەخنەیان لیَگرتووە و لە شان و شکۆی بەرهەمەکانیان کەمکردۆتەوە، ئینجا ئەو شانازیی پیَوەکردنەی "نالی" بە بەرهەمەکانی لەوەوە سەرچاوە دەگریَت کە جۆریَک ئاواتی لە چاپدانی بەرهەمەکانی دەردەبریَت. دوای ئەویش شاعیر ئەوەندە خۆی بەرز دەکاتەوە تەنانەت تەنها سیَبەرەکەی لە ئاست سیَبەری بالّندەی هوما دایە، وەک بازی سپی بۆ کەشکەلانی فەلەک دەفڕم، دیارە مەبەستی ئەوەیە کە بە شویَنی نزم و شتی هیچ و پووچ ڕازی نابیَت، "نالی" ئەوەندە بەرز دەفڕیت تەنانەت ئامادە نابیَت لە شویَنیَکی نزمیش بنیشیَتەوە، چونکە کەسانی نارسییست لە (خەیالّەکانیاندا سەرکەوتنی بیَ سنوور، دەسەلاّتی زۆر، سۆزیَکی بیَ کۆتایی، جوانی لە ڕادەبەدەر بوونی هەیە). (وند، 1386، ل 65). هەمان ئەو خەیالّەی "نالی" دەبینین کە خۆی چوواندووە بە بالّندەی هوما. دەسەلاّتی "نالی" گەیشتۆتە ئاستیَک بتوانیَت بلّیَت: من لە کویَ بم، فەڕ و کامەرانیی لەوێ دایە.

هەروەها دەلّیَت:

نـــالی، یـــــــەک و ئەو کەس کە تەمامی غەزەلی بیست

مــەعلـوومـــی بـــووە زۆرو کـــــەمـی خاریقـی عـادات (مودەریس، 1380، ل 144).

به پێی فەرهەنگی دەروونناسی: "American Psychological Association" نارسیسییزم پێناسە دەکرێت وەک "خۆخۆشەویستی و خۆگرنگپێدانێکی زۆر، لەگەڵ پێویستییەکی بەردەوام بۆ ستایش و سەرنجی کەسانی تر." ئەم پێناسەیە جەخت لەسەر خۆپەرستیی و پێویستیی بۆ پەسەندکردن لە لایەن ئەوانی ترەوە دەکاتەوە. (American, 2013, 645). "نالی"یش خۆی پێ تاک و تەنهایە، کەس بە هاوشانی خۆی نازانێت و ناناسێت، "نالی" وێنەیەکی دەکیشێت تا گەیشتۆتە ئاستی "خاریقی عادات" خاریقی عادات مەبەست لەو کردارانەیە کە لە توانای هەموو کەسدا نین، بەڵکو خواوەند بەهرەی لێهاتنیانی بە هەندێک کەس دەدات.

ئیستیطاعە و قووەتی طەبعم، بە کوردی و فارسی

عارەبی، ئیظهاری چالاکی یو چەسپانی دەکا (مودەریس، 1380، ل 104).

فارس و کورد و عەرەب هەرسێم بە دەفتەر گرتووە

"نالی" ئەمڕۆ حاکمی سێ موڵکە، دیوانی هەیە (مودەریس، 1380، ل 577).

زمانزانینەکەی "نالی" بووەتە هەوێنی دەربڕینی هەستی نارسیستانەی خۆی، چونکە بەشێوەیەکی بێباکانە دەڵێت: توانا و هێز و سروشت و ئەدگاری شیعرنووسینم بە سێ زمان هەیە، تەنانەت جۆرێک لە ڕووبەڕووبوونەوەی تێدا بەدیدەکرێت، چونکە بەکارهێنانی وشەی "دیوان" مەبەست لێی بارەگای حوکمڕانییە، یان دیوانی شیعری "نالی" هێندە بێباکە، پێیوایە بەرهەم و دەرامەتی وڵاتی فارس و کورد و عەرەبی خستۆتە نێو دەفتەری شیعری خۆیەوە، تەنانەت خۆی وەکو فەرمانڕەوای هەر سێ وڵات دەناسینێت، ئەمە هەم پیشاندانی هەستی نارسیستییانەی شاعیرە، هەم خستنەڕووی توانا و زیرەکیی و لێهاتوویی شاعیرە لە داهێنانی شیعریدا، ئینجا بەسەرنجدان لە دەقە شیعرییەکانی شاعیر بۆمان دەردەکەوێت شارەزایی و زمانزانینی "نالی" تەنها بە ڕووکەشی و سادەیی نییە، چونکە زانینی زمان و شارەزابوون لە ئەدەب و فەرهەنگی ئەو نەتەوانە نیشانەی ڕۆشنبیریی و تێگەیشتوویی شاعیرە. چونکە "نالی" لە دێڕە شیعرێکی تریشدا دەڵێت:

"گێل" ئەگەر تورکی، "تعال" ئەر عەرەبی

"بێ" ئەگەر کوردی، ئەگەر فارسی"بیا" (مودەریس، 1380، ل 126).

مەبەستی گوتارەکەی "نالی" لێرەدا ڕووەو خۆشەویستەکەیەتی، پێیدەڵێت: لە هەر نەتەوەیەک بیت بۆ من وەکو یەکە، دیارە ڕەهەندی زانینی زمان و پەیداکردنی شارەزایی لە ئەدەبی گەلانی تر لای "نالی" لە زووەوە سەریهەڵداوە، چونکە (نالی هەر لە خوێندنی فەقێیاتیدا دەکەوێتە بەر کاریگەریی ئەدەبی ڕۆژهەڵاتی و کوولتوری ئیسلامی). (کەلهور، 2008، ل 12).

لە فەرهەنگی ئینگلیزی ئۆکسفۆرد: وا نارسیسییزم دەناسێنێت: بەوەی بریتییە: لە (خۆپەرستیەکی زیادەڕۆییانە، یان سەرسامبوونی تاکەکەسی؛ خۆویستی). (Oxford University Press, 2023). لەم ڕوانگەیەوە دەبینین "نالی" خۆی و شیعرەکانی لە هەموو خەڵکی جیادەکاتەوە، چونکە دەڵێت:

"نالی" حەریفی کەس نییە، ئیلف و ئەلیفی کەس نییە

بەیتی ڕەدیفی کەس نییە، هەرزە نویسە گەپ دەکات (مودەریس، 1380، ل 126).

کەسایەتیی مرۆڤی نارسییست بە جۆرێکە هەمیشە چاوەڕێی ئەوە لە بەرامبەرەکانیان و دەوروبەرییان دەکەن بە چاوێکی بەرزەوە سەیریان بکەن، بەڵام "نالی" بە پێچەوانەوە سەیر کراوە و بە چاوێکی نزم سەیری خۆیی و شیعرەکانی کراوە،

بەڵام هەستی نارسیستییانەی "نالی" وادەکات لە ئاستێکی بەرزدا جەخت لە پێگەی خۆیی و شیعرەکانی بکاتەوە، چونکە دەستەواژەی "کەس نییە" سێجار دووبارە دەکرێتەوە تاکو گەیشتۆتە ئەوەی کە خۆی بە هاوشان و هاوکوف و هاودەمی کەس نەزانێت ئەمەش پیشاندانی بەرزترین ئاستی نارسیسیتییە.
"نالی" لە وەسفکردن و شانازیکردن بە خۆی لە (چوارچێوە گشتییە باوەکەی شاعیرانی کلاسیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چۆتە دەرەوە، چونکە "نالی" ستایش و پیاهەڵدانی خۆی نەکردووە، بەڵکو باسی ڕاستییەکی ئاشکرا دەکات، لەبەرئەوەی دەبینین "نالی" شانازیی بە بەرهەمێک دەکات بۆتە گەوهەرێکی هەرە جوان و بە نرخی گەنجینەی ئەدەبی کوردی). (خەزنەدار، 2010، ل 108). چونکە کاتێک "نالی" دەڵێت:

بــــولبــــــولی تـــەبـــعم ئـــــەوا دیـــــــسان سەناخوانی دەکا
نوکتە سەنجیی و بەزلەگۆیی و ئەنبەر ئەفشانی دەکا(مودەریس، 1380، ل 101).

"نالی" پێچەوانەی شاعیرانی تر بیردەکاتەوە و نارسیستییانە پێماندەڵێت: تەبیعاتی بە شەوق و زەوقم دووبارە کەوتەوە ستایش و پیاهەڵدان و وتنی قسەی حەق، واتە خۆیشی بە حەق داناوە ئەمە سەرەڕای ئەوەی خۆی وەکو بوولبوولێکی خۆشخوان دەناسێنێت.
بەڵام لە قۆناغێکی تردا "نالی" دەبێتە کەسێکی لوتبەرز و لەخۆبایی هاوشێوەی مرۆڤێکی نارسیست خۆی دەنوێنێت و دەڵێت:

ظـــــابـــــیتەی تەبعم سوارە، ئیددیعای شاهیی هەیە
مـــوحتـــــەشـــــەم دیوانە داوای تەختی خاقانی دەکا
شـــــاهیــــــدی فیکرم کە بێتە جیلوەگاهی دولبـەری
شاهـــی خـوسرەو گیانی شیرینی بە قـوربان دەکا
نووکی خامەی مـن کە بێـــتـــە مەعنائارایی کەمال
خەت بەخەت ئیزهاری نەقشی سوورەتی "مانی" دەکا (مودەریس، 1380، ل 102-103).

"نالی" وەکو شاعیرێک نارسیستییانە لە مەیدانی شیعردا داوای تەخت و تاراجی پاشایەتی دەکات، چونکە هێندە بە شیعر و بەرهەمی خۆی دەنازێت دەیەوێت جێگای "خاقانی"[2] شاعیر بگرێتەوە، "موحتەشەم"یش هەر شاعیرە هێما بۆ ئەو دەکات، هەستی نارسیستییانەی "نالی" لەوەدا دەردەکەوێت کە سەرەڕای لەخۆبایی و لووتبەرزیی داوا دەکات وەکو شاعیرانی تری ئەدەبی فارس سەیربکرێت، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە پێیوایە: دیوەخانی پڕیەتی لە شیعری نایاب، ئەمەش پیشاندانی ئەوپەڕی پلەبەرزیی کارەکانیەتی. دواتر "نالی" پێماندەڵێت: ئەو بیرەی کە کردوومەتە بنەما و بناغەی شیعرەکانم "خوسرەخان" گیانی "شیرین"ی بە قوربان دەکات، ئەمەش ئەوپەڕی شانازیی بەخۆکردن و پیشاندانی هەستی نارسیستییانەی دەروونی شاعیرن، چونکە بەرهەمی ئەدەبیش زادەی ناخ و دەروون و بیرکردنەوەی شاعیرە، بەم پێیەش بێت هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی لایەنی نارسیستبوونی تێدایە، بە تایبەتی ئەو دەقە شیعرییانەی کە بەرەو خودی شاعیر دێتەوە لایەنی نارسیستییانەی تێدا زاڵترە. هەروەها ((خۆشەویستی زۆر لە خود ڕازی بوونە، تا دەگاتە ئەو ڕایەی کە

---

2 "خاقانی" شاعیر "١١٢٦–١١٩٩ز" یەکێکە لە گەورەترین شاعیرانی کلاسیکی فارسیی کە سەردەمی سەلجووقیەکان ژیاوە. ناوی تەواوی "ئەفضەلەدین ئیبراهیم بن عەلی خاقانی شێروانی" بووە و لە شاری "شێروان" "ئێستا لە ئازەربایجان"ـە لە دایکبووە. "خاقانی" زۆر بە "حەسانەت العجم" "شاعیری عەجەم" ناسراوە و شیعری بەزمانی فارسی و هەندێک جاریش بە عەرەبی نووسیووە.

ژیان و کاری هونەری "خاقانی" لەنێو بنەماڵەیەکی هونەرمەند و ڕۆشنبیر گەورە بووە، لە زانستە جۆراوجۆرەکان خوێندوویەتی. شیعری "خاقانی" بە "ژیرانە و پڕ لە واتای قووڵ" ناسراوە. دیوانێکی گەورەی شیعری فارسی بە جێهێشتووە کە بریتییە: لە "قصیدە، غەزەل، رباعی، مەسنەوی" خاقانی کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر شاعیرانی دوای خۆی هەبووە وەک "سەعدی، حافز و مولانا" (van، 1994 , p 205 ).

هەموو کردار و چالاکییەکانی خۆی زۆر بەرز بنرخێنێت ). (صالح، 2010، ل 21). لەم ڕوانگەیەوە دەبینین "نالی" دەڵێت: ئەگەر نووکی خامەی من بکەوێتە کار و باسی جوانی بکات وەها وێنەی جوان دەنەخشێنێت هاوشێوەی نیگار و تابلۆ جوان نایابەکانی نیگارکێشی ئیرانی "مانی"یە.

نارسیسییزم وەک دیاردەیەکی دەروونی گۆڕانکاریی جیاواز و بنەرەتیی بەسەردا دێت، چونکە وەک دەبینین "نالی" بە وشە و دەستەواژەی جیاواز بابەتە ئەدەبییەکان و هەستی شاعیرانەی خۆی دەردەبڕێت، چونکە جارێک خۆی دەچووێنێت بە شاعیرێک، جارێکی تر نیگارکێشێک.

هەروەها دەڵێت:

خەلقی کە هەموو کودەکن و بەستە زوبانن

بـــــابێن و لە "نـــالی" ببەن شیعـری ســـەلیقی (مودەریس، 1380، ل 657).

"نـــالی" لە شانازیکردنی بە خۆیی و بە هیچ دانەنانی ئەوانیتر دەگاتە ئەوپەڕی ئەوەی کە کەس بە شاعیر نەزانێت، چونکە پێیوایە: شاعیرانی هەمووی "کودەکن" منداڵ و بەستەزمانن و زمانیان لە ئاست ئەو بەستراوەتەوە، نارسیستبوونی "نـــالی" لەوەدا دەردەکەوێت لە نیوە دێڕی یەکەمدا دەستەواژەی "هەموو"ی بەکارهێناوە. واتە بەبێ جیاکاریی هەموو بەیەک چاو سەیردەکات، بێگومان ئەمەش لە ڕووی دەربڕین و واقیعییەتەوە وانییە، کە هەرچی شاعیر هەیە منداڵ و هیچ نەزانە، دواتریش لە نیوە دێڕی دووەمدا دەستەواژەی "سەلیقی" بەکارهێناوە کە دیارە مەبەست لێی ئەوەیە پێمانبڵێت: ئەوەی من دەیڵێم و دەینووسم وەک ئاوی ڕەوان وایە بە ئاسانی لێی تێدەگەن و خۆ ماندووکردنی ناوێت. بێگومان ئەمەش لە قاڵب بردنە دەرەوەی مرۆڤە، چونکە ئەوەی "نـــالی" دەیڵێت: لە چوارچێوەی مرۆڤێکی ئاسایی چووەتە دەرەوە، تەنانەت بە بۆچوونی "ئەو" بەرهەمەکەشی هێندە تەواوە لە هەموو کەموکوڕییەک بە دەرە.

هەروەها دەڵێت:

ظاهیر و باطین، لەسەر لەوحی حەقیقەت یا مەجاز

ئاشنای سیڕری قەڵەم بێ، غەیری "نـــالی" کەس نەما (مودەریس، 1380، ل 131).

"نـــالی" نەک هەرتەنیا خۆی بە شاعیرێکی گەورە دەزانێت، بەڵکو پێیوایە: کەس شاعیر نییە جگە لە خۆی، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە دەردەخات کە هەرچی قسەی جوان هەیە لەلایەن ئەوەوە دەنووسرێتەوە و دەهۆنرێتەوە، ئەمەش دەردەخەری ئەوپەڕیی هەستی نارسیستییانەی "نـــالی"یە، چونکە لێرەشدا دووبارە چەند دەستەواژەیەک بەکاردەهێنێت ناچارمان دەکات بڵێین: "نـــالی" کەسایەتییەکی نارسیستییانەی هەبووە، چونکە (مرۆڤی نارسیست جگە لە خۆی کەسی تر بە شیاوی ئاستی خۆی نابینێت). (Kernberg, 1975, p 133).

"نـــالی"یش چەند دەستەواژەیەک بەکاردێنێت کە تایبەت نییە بە مرۆڤ، بەڵام "نـــالی" خۆی بەرزتر لە مرۆڤ دەزانێت، ئەمەش لە دەستەواژەی "لەسەر لەوحی" دەردەکەوێت کە زانست و زانینی خودا هەمووی لەوێدا نووسراوە، هەروەها دەستەواژەی "حەقیقەت" واتە هەرچی وشەی ڕاستەقینەیە، دواتریش "مەجاز" مەبەست لێی وشەی پەنهانییە، بەکاردەهێنیت، لە کۆی هەموو ئەم دەستەواژانە دەگەینە ئەوەی کە خودی "نالی" بانگەشە و پڕوپاگەندەی زانینی هەموو شتێک دەکات تەنانەت ئاشنای نهێنی خامەیە، مرۆڤی نارسیست هەمیشە جەخت لەسەر خودی خۆی دەکاتەوە، "نالی"یش لە بەکارهێنانی دەستەواژەی "غەیری "نـــالی" کەس نەما" ڕۆچوونە بە هەمان ئەو خودێتییەی کە لە مرۆڤی نارسیستدا هەیە، چونکە پێیوایە: جگە لە خۆی هیچ کەس نەماوە ئاگاداری ئەو نهێنییە بێت. "نالی" دەڵێت

بـــــــەحـــــری غـــــەزەلـم پـڕ لە دوڕ و گەوهەرە، ئەمما
غەوواصی دەویٚ یـــــەعـــنی بــــە تـــــەعمیقی بـــــــزانە
پـڕ دانـــەیـــــە، ئـــەمما، نــــــەوەکـــــــو دانەیی چەڵـتوک
بـــەحرم وتـــووە نـەک وەکـو گــــــــــۆڵی مـــــــــــەرەزانە
حـــوزنی نـــــــــەظەرە ئەصلی نەظەر حوسنە بە عیسمەت
ئـــــەوگــەهـــــــــەری نــــــوکتە کە لە "نالی" دەدزن خـــەلق
ئاوی نـــیـــیـــە، وەک ئـــاگـری بیٚ شــــــــــەوقی دزانــــــــە (مودەریس، 1380، ل 480-481).

"نالی" دیسانەوە دێت شانازیی بە شیعری خۆیەوە دەکات، بەڵام چۆن جۆرە شانازییەک؟ شانازییەک جیاواز لەو جۆرە شانازییە باوەی شاعیرانی تری کلاسیکی کورد، چونکە "نالی" پێیوایە: واتای غەزەلەکانی ئەو هێندە قووڵە غەواسی دەوێت تاکو بتوانێت دووڕ و مەرجانەکانی نێوی بدۆزێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا زانا و شارەزای چاکی دەوێت تاکو بتوانێت لە واتا و وێنەکانی بگات، لەبەرئەوەی پڕیەتی لە دانە گەوهەری نایاب."نالی" پێیوایە لەبەرئەوەی بەرهەمەکانی ئەو هێندە بەرزن و کەسایەتییەکی بەرز و زانای دەوێت تاکو لێیان تێبگات، ئەوە پیشاندنی لایەنی بەهرەمەندانەی خۆیەتی. تەنها و تەنها خۆی پیٚ شاعیرە، چونکە خەڵکی تر دێن شیعر و بەرهەمی ئەو دەدزن و دەیکەنە موڵکی خۆیان، بەڵام هەر خودی "نالی" بە بیریان دێنێتەوە کە شیعری ئەوان وەکو گەوهەر نین تاکو بدرەوشێنەوە.

## 2-2- سالم "1805- 1869"*3

بەو پێیەی "سالم"ی شاعیر قوتابی و دامەزرێنەری قوتابخانەی ئەدەبیی شیعری کلاسیکی کوردییە لە دوای "نالی " ئەوا بە هەمان شوێنپێی "نالی" هەنگاوی ناوە و لە زۆر شوێن و کاتدا کەوتۆتە ژێر کاریگەریی شیعری "نالی". لەبارەی هەستی نارسیستییانەی "سالم" لە دووتوێی دیوانە شیعری شاعیرەوە چەندین دەقی شیعری "سالم"ی شاعیرمان بەرچاو دەکەوێت کە دەکەونە نێو بازنەی هەستی نارسیستییانەوە، چونکە دەقی شیعری دەربڕی هەستی شاعیرە، شاعیریش بە دەر نییە لە کاریگەریی و کارتێکردنە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان، ئەمەش وادەکات هەندێکجار شاعیر ئەو مرۆڤە نەبێت کە پێی دەناسرێتەوە، بەڵکو لەو قاوغە دەردەچێت و دەبێتە مرۆڤێکی دیکە، چونکە واقیع ڕۆڵ و کاریگەریی هەیە لە چۆنایەتیی ئەو دەمامکەی مرۆڤ دەیپۆشێت، چونکە ( کەسێک دەتوانێت زیاتر لە ماسکێک بەکار بهێنێت، هەمان ئەو

* ناوی "عەبدوڕەحمان بەگی ساحێبقران" ـە "1805-1869" ناسراو بە"سالم". "سالم" و "مستەفا بەگی ساحێبقران" کە ناسراو بە"کوردی" ئامۆزای یەکترن. "سالم" نازناوی شیعری "عەبدوڕەحمان بەگی کوڕی محەمەد بەگی کوڕی ئەحمەد بەگە"، لە بنەماڵەی "ساحێبقران"ـە، لە ساڵی "١٨٠5"دا لە شاری سلێمانی هاتووەتە دونیا. لە ساڵی "1869"دا مردووە و لە گردی "سەیوان" لە شاری سلێمانی بە خاکسپێردراوە. "د. مارف خەزنەدار دەڵێت: شاعیر لەسەرەتادا ناسناوی شیعریی "بیمار" و "ڕەنجوور" بووە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی لەشولارێکی لاواز و بیٚ هێز و سروشتێکی مات و بێدەنگی هەبووە، بۆیە لەسەر داخوازیی دۆست و ئاشنایان ناسناوەکانی گۆڕیوون بۆ "سالم" ناسناوی "سالم"یش نیشانەیە بۆ ساغ و بێوەیی"سەلامەتی"ی و تەندروستییەکی باش. هەروەها "سالم"ی شاعیر لەنێو خەڵک و خوێنەردا بە یەکێک لە سێکوچکەی شیعری "بابان" دەناسرێت، بەدەر لەم ناسینەش دیارترین شوناس و ناسنامەی ئەدەبی ئەم شاعیرە، بریتییە: لەو دوو نامە شیعرییەی کە لە نێوان خۆی و "نالی"دا بۆ یەکترییان نووسیووە، کە بە دوو چامەکەی "نالی" و "سالم" ناسراوە. (حسین، 2022، ل 84). ئەگەر "نالی" دامەزرێنەری قوتابخانەی شیعری کلاسیکی نوێی کوردی بێت، لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم، لە ناوچەی سلێمانی، ئەوا "عەبدوڕەحمان بەگی ساحێبقران" یەکەمین قوتابی ئەو قوتابخانەیە و دووەمین دامەزرێنەریەتی لە دوای "نالی".

ماسکەی لە ماڵەوە هەیەتی جیاوازە لەگەڵ ئەو دەمامکەی هەیەتی لەگەڵ خەڵکی تر و لە شوێنێکی تر. واتە بە پێی بارودۆخ و پێگەی جیاوازەوە، ماسکەکانیش گۆڕانیان بەسەردادێت). (Ludwig, 1995, p 130). ئەوەتا "سالم"ی شاعیریش دەڵێت:

ئــــەگـــــــــــــەر نەخلی مــــورادم بێ ثــــــــەمەر بێ
بـــــــە مـــــــــن چـــی بـــــاغی دونیا جوملە بەر بێ
ڕەقـــیب یـــــار ئـــــــەر بـــــــــە مـــن بۆسێ کەرەم کا
بـــە تـــۆ چـــی گـــەر هـــەمـــووی شـــەهـد و شـەکەر بێ
لـــە وەخـتـــێـکا ســـەری خـــــۆم بێ کـــــــــڵاو بێ
بـــــە مـــــن چـــی تـــاجـــی شـــاهی پڕ گوهەر بێ؟
ڕەقـــیــــب ئـــــەمـجـار کـــــە دڵـــبەر رامـە بۆ مـــن
بـــە تـــۆ چـــی گـــــەر هــەموو شـام و سـەحەر بێ
کـــە خـــۆم ڕەخـــتی غـــوڵامـــی شـــک نەبەم هیچ
بـــە مـــن چـــی خـــواجـــە گـەر زەڕڕین کەمــەر بـێ
ئـــەیا دوشـــــمن کـــــە بـــــەخـــــتم هـــاتــە یاری
بـــە تـــۆ چـــی گـــەر قـەبـای شـــاهیـــم لەبـەر بێ
لـــە کـــــونـــجـێــکا لـــەگـــــەڵ یـــار ئەر بنیشم
بـــە مـن چـــی عـــالــــــەمێ زیـــــر و زەبــــــەر بێ؟
ئـــەرێ حـــــاریـــــس کـــــــە مـونـــعیم پێم کەرەم کا
بـــە تـــــۆ چــــی ســـەد تـــــمـــەن گەر بیشتەر بێ
بـــە نــــەومــــیدی دەرم کـــــا گـــــــەر لـــــە دەرگـا
بــــــــــــە من چی تاق و حـــوجـــــرەی پڕ لە زەر بێ؟
کـــە "ســـالم" بـــازی دەوڵـەت هـــاتــە ســـەر مـــن
بـــە تـــۆ چـــی دوشـــمـــن ئـــەر خـــاکی بەسەر بێ (مودەریس، 2015، ل 968-970).

لەم قەسیدە شیعرییەدا "سالم"ی شاعیر وا خۆی پیشاندەدات هاوشێوەی کەسانێکە کە لە دەریای خۆپەرستیدا نقووم بووبێت، بە جۆرێک دەدوێت لە خۆی بەولاوە هیچ شتێکی دیکە نابینێت، تەنانەت هەستی نارسیستیانەی "سالم" گەیشتۆتە ئاستێک خۆی بە لایەک و هەموو خەڵکیش بە لایەکی تر دادەنێت، لەبەرئەوەی دەبینین پێنججار دەستەواژەی "بە من چی" و پێنج جاریش دەستەواژەی "بە تۆ چی"ی بەکارهێناوە. بەشێوەیەکی گشتی بە لای "سالم"ەوە ئەمانەی خوارەوە هیچ نین، چونکە خۆی لێیان بێبەشە:-

- بە "سالم" چی ئەگەر باخەکانی هەموو دونیا پڕ بەرهەم بن بۆ خاوەنەکانیان، کەچی خۆی بێ بەرهەم بێت
- بە "سالم" چی ئەگەر تاجی شاهـ بە زێڕ ڕازابێتەوە، کەچی خۆی کڵاوی لەسەر نەبێت.
- بە "سالم" چی ئەگەر دەوڵەمەند پشتێنی زێڕینی لە پشتدا بێت، کەچی خۆی بێ جلوبەرگ بێت.
- بە "سالم" چی ئەگەر هەموو دونیا ژێرە و ژوور بێت، کەچی خۆی لە گۆشەیەکدا دانیشتبێت.
- بە "سالم" چی ئەگەر تاق وماڵی خاوەن ماڵ پڕ لە زێر و زیوو بێت، کەچی خاوەن ماڵ لەبەر دەرگا وەستا بێت و دەست بە ڕوویەوە بنێت.

باوەڕی "سالم" وایە کە ململانێ لە نێوان دوو هێز دایە کە لە ناوەوەی خودی خۆي دایە، ئەم دوو هێزەش بریتیین لە: "من" و "تۆ" دایە، چونکە (من ئەو بەشەیە کەسایەتیی مرۆڤ کە دەکەوێتە نێوان جیهانی دەرەوە و داواکاریی و

پێداویستییەکانی (ئەو) وەکو (ئەو)یش هەڵسوکەوت دەکات و ڕۆڵی ناوبژیوان و ڕێکخەرێک دەگێڕێت). (جاسم، 2010، ل 55). لێرەدا "سالم" کەوتۆتە ژێر کاریگەریی "ئەو" و هەوڵی بەدیهێنانی داواکارییەکانی ئەو "من"ـەی نێو ناخی خۆیدا دەدات، سەرنجام هەڵوێستێکی نارسیستییانە دەردەبڕێت و خۆی "من" بە لایەک و هەموو دونیا "تۆ" بە لایەکی تر. لە بەشێکی تری قەسیدەکە کەوتۆتە گفتوگۆ لە "تۆ" ئەو "تۆ"یەی کە لە لای "فرۆید" شێوی "ئەو" وەردەگرێت. (( ئەو بەشە گرنگەیە، کە بوونێکی کاریگەرە لە مرۆڤ، ئەو بوونەی کە پاڵنەر و جووڵێنەری زۆر لە هەڵسوکەوتە نا ئاساییەکانی مرۆڤە). (ڕەسووڵ، 2012، ل 88). دەبینین "ئەو" کاریگەریی کردۆتە سەر شاعیر و هاوشانی "بە من چی" ئەویش پێنجار لە شێوەی دەستەواژەی "بەتۆ چی" دیارە مەبەست لە تۆ "ئەو"ـە، چونکە لەگەڵی کەوتۆتە گفتوگۆ و پێی دەڵێت:

– بە تۆ چی ئەگەر یار ماچێکم پێ ببەخشێت، ئەگەر ماچەکەی وەک هەنگوین و شەکر بێت.

– بە تۆ چی ئەگەر یار دەستەمۆم بێت، ئەگەر هەموو ئێوارەیەک بێتە لام.

– بە تۆ چی ئەی ڕەقیب ئەگەر ڕۆژێک بەخت یاوەرم بێت، ئەگەر کەوای شاهانەم لەبەر بێت.

– بە تۆ چی ئەی ئیبلیس ئەگەر خودا خەڵاتم بکات، ئەگەر ئەو خەڵاتە سەد تومەنیش بێت.

– ئەگەر باز بەسەری "سالم" دا بنیشێتەوە و ببێت بە پاشا بە تۆ چی ئەگەر دوژمن بمرێت و بچێتە ژێر خاک.

"سالم" هەوڵدەدات لەو ململانێیە لایەنگیری حەق و ڕاستی بکات، لەبەرئەوەی چاک دەزانێت کام لایەن سەربکەوێت، دەبێتە هۆی دڵڕەنجاندنی لایەکەی تر. هەروەها "سالم" دەڵێت:

کـــاتـــیـــبـــی فیـــکرم لـــە دڵـــدا دیـــــــــــقەتێ ئینشا دەکا
جوست و جۆ بۆ صەتر بەندیی کاغەزی میرزا دەکا (مودەریس، 2015، ل 96).

"سالم" بەشیوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەستی نارسیستییانەی خۆی دەردەبڕیت، چونکە پێیوایە بەرهەمی داهێنراوی ئەو پوخت و نایابە لە داهێنان و جوانکاری، بەرهەمێک نییە لە خۆوە هاتبێتە ئاراوە، لەبەرئەوەی دەستەواژەی "دیقەت" بە واتای وردەکاریی و قسەی پڕ واتا دێت پێماندەڵێت: بەرهەمی من قسەی بێ واتا و شتی سادە و ساکار نییە، بەڵکو بیری خامە بە دەستم بە دوای دەستەواژەی بەهێزدا دەگەڕێت و بۆ میرزا ناوێک دەینێرێت. وەکو باسمان کرد "ئەفلاتوون" دەڵێت: ( ئەگەر مرۆڤ لە شوێنێک ڕێزی لێگیرا، بەرهەمەکەشی هەر بۆ ئەو شوێنە دەبێت). (روشکا، 1989، ص 87). بەڵام "سالم" ئەم بۆچوونەی "ئەفلاتوون"ی پێچەوانە دەکاتەوە، چونکە "میرزا" ناوێک ڕەخنەی لێگرتووە، شاعیریش هاتووە وەڵامی داوەتەوە، بە بۆچوونی "ئەفلاتوون" دەبووایە ڕێز لە "سالم" بگیرێت، بە پێچەوانەوە ڕەخنەی لێگیراوە، ڕەخنەکانی ئەم میرزایە، بووەتە هۆی داهێنان لای "سالم" و دەربڕینی هەستی نارسیستییانەی شاعیر.

هەروەها دەڵێت:

لـــە ڕۆژی ئیمتیحانا دیـــــم بـــەرابـــەر تـــــالیب مەعشوق
کـەمــەر بـــەستەی هـــونــــــەر هاتن، لە تیپی عیشق بازانا
لـــە لایــەک "نــالی" و "مــەشوی"، لـــە لایێ "سالم" و کـــوردی
لـــــە هـــــــــەنگامەی هونەر گەرمی تکاجۆ بوون لە "مەولانا"
لە مەیـــدانی بـــەلاغـــــــەتدا بە سواری مەرکەبی مەزموون
بـــە کوردی هـــەریـــەکـــە تـــازی ســـواریٚ بـوون لـە "بابان"ا (کەسنەزانی، 1396، ل 93).

"سالم"ی شاعیر لەم دەقەدا چەند پەیامێک دەگەیەنێت، چونکە (لە لایەک شاعیرانی کلاسیکی کوردی هەڵدەسەنگێنێت، لەلایەکی تر ناوەڕۆکی شیعری کوردی لە ناوچەی میرنشینی بابان دەخاتەڕوو). (ئامێدی، 2003، ل 79). گەر بێت و بەڕوانینێکی ڕواڵەتییانە بڕوانینە ئەم چەند دێڕەی شاعیر دەبینین کە "سالم"ی شاعیر لە وەسفکردن و ناوهێنانی چەند

شاعیرێکی تری وەک "نالی، مەحوی، کوردی" ناوی خۆیشی لەپاڵ ئەواندا هێناوە، مەبەستی ناوهێنانی ئەوان بۆ خستنەڕووی توانا و زیرەکیی و لێهاتوویی ئەوانە، واتە ئەوان چەندە بەهرەمەندن و لێهاتوون لە دەربرین و دەستڕەنگینیی و هزرکاریی شیعر، ئەوا منیش هاوشێوەی ئەوانم، هەستی نارسیستییانەی "سالم"ی شاعیر بەشێوەی ناڕاستەوخۆیە، چونکە پێیوایە: کەوا "نالی، مەحوی، کوردی" لە ڕۆژی تاقیکردنەوەدا هەرسێ داوایان لە "مەولانا" کردووە بەرهەمەکانیان هەڵبسەنگێنێت، دواتر هەر خودی "مەولانا" پایە و بەها و نرخیش بۆ "سالم"ی شاعیریش دابنێت، چونکە "سالم" وا وێنای ئەو کاتە دەکات، کەوا ئەم شاعیرانە بە خودی خۆشییەوە خەریکی ڕمبازی و پێشبڕکێی شیعر بوونە لەچوارچێوەی میرنشینی باباندا، پەیامی نارسیستییانەی "سالم"ی شاعیر پەیامێکی ناڕاستەخۆیە، خۆی داوەتە پاڵ شاعیرەکانی تر، چونکە زۆرجار کەسایەتیی مرۆڤی نارسیست خۆیان بەراورد دەکەن بە کەسانی تر لە بوونی سیفەتەکانیان، هەروەها "سالم" دەڵێت:

کـــەلامت "حافظ "ا دڵسەنجە بۆ "سالم" وەهـــا چاکە

کی بـەر نـظمی تـو افـشانـد فـلـک عــقـــد ثــــریــارا (کەسنەزانی، 1396، ل 53).

"سالم"ی شاعیر هاوشێوەی شاعیرانی تری کلاسیکی کورد، شانازیی بە شیعر و بەرهەمەکانی خۆی دەکات، ئەویش لە ڕێگای جۆرە هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەیی، کە پەیوەندیی بە لایەنی بەراوردکاریی و جوانکاریی و داهێنانەوە هەیە، چونکە لە ڕێگای بەراوردکردنەوە نرخ و بەها بە بەرهەمەکانی خۆی دەدات، چونکە "سالم" کەوتووەتە گفتوگۆ لەگەڵ "حافظ" و لەگەڵ نرخاندن بۆ بەرهەمەکانی "ئەو"، نرخ و بەها بۆ بەرهەمەکانی خۆشی دادەنێت، ئەم دیاردەیەی نرخدانان لە شیعری کلاسیکی کوردی بەهۆی هەستی شانازییکردنەوە ئەنجامدەدرێت، چونکە "سالم" لێرەشدا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەستی نارسیستییانەی خۆی دەردەبڕێت و شانازیی دەکات بە بەرهەمەکانی خۆی، لەبەرئەوەی پێیوایە: شیعرەکانی ئەو هاوشێوەی شیعرەکانی "حافظ"ـە چۆن ئاسمان و ڕۆژگار "فەلەک " شیعرەکانی ئەو گەوهەر باران دەکەن، دەبێ شیعری "من"یش ئاوا گەوهەر باران بکرێت.

## ئەنجامەکان

لە کۆتایی توێژینەوەکەماندا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1- بە شیکردنەوەی دەقە شیعرییەکانی هەردوو شاعیر، دەبینین کە هەردوو شاعیر توخمەکانی نارسیستبوونیان تێدایە، بەڵام بە شێوازێکی جیاواز، چونکە هەستی نارسیستییانەی "نالی" بەشێوەی ڕاستەوخۆیە، بەڵام هی "سالم" ناڕاستەوخۆیە.

2- سالم بە شێوازێکی نەرمتر و ڕەخنەگرانەتر خۆی دەناسێنێت. چونکە ئەو خۆی لەگەڵ شاعیرانی دیکەی وەک " نالی و کوردی و مەحوی" بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خۆی بە کەسێکی بێوێنە پیشان دەدات.

3- نالی: شێوازی "ڕاستەوخۆ، بەهێز، خۆی بە گەورەتر دادەنێت، بەڵام سالم: نەرمتر، ڕەخنەگرتر، بە شێوازێکی ڕەوانبێژی خۆی دەناسێنێت.

4- نارسیسیزم وەک توخمێکی دەروونیی کاریگەریی لەسەر شیعری کلاسیکی کوردی هەیە. ئەم هەستە یارمەتی شاعیر دەدات بۆ داهێنانی شیعر، ناوازەیی بەرهەمەکانی، بەرزپیشاندانی کەسایەتیی.

5- نارسیسییزم لە شیعری نالی و سالمدا بە شێوازێکی سەرنجڕاکێش دەردەکەوێت. ئەگەرچی هەردووکیان ئەم هەستەی نارسیستبوونەیان بە ئاشکرا دەربڕیووە، بەڵام جیاوازی هەیە لە شێوازی دەربڕیندا هەیە. ئەم توێژینەوەیە نیشانیدەدات کە نارسیسییزم تەنها توخمێکی دەروونیی نییە، بەڵکو ئامرازێکی کاریگەریشە بۆ دروستکردنی کەسایەتیی ئەدەبی شاعیر.

## سەرچاوەکان:

### 1- بە زمانی کوردی:

#### کتێب


- ئامێدی، عەبدوڵڵا یاسین، (2003)، پەیدابوونی ڕەخنەی ئەدەبی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا تا جەنگی گێتیی یەکەم، بڵاوکراوەی ئاراس، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
- ئامێدی، عەبدوڵڵا یاسین، (2003)، پەیدابوونی ڕەخنەی ئەدەبی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا تا جەنگی گێتیی یەکەم، بڵاوکراوەی ئاراس، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
- الرحماني، ئەحمەد. (2021)، تیۆرەکانی ڕەخنەی ئەدەبی و پراکتیزەکردنیان، وەرگێڕانی پ.د. سەردار گەردی، ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئاوێر، چاپی یەکەم.
- جاسم، ثامر حسن،(2010)، توێژینەوەی سایکۆلۆژی لە داهێنانی شیعردا، وەرگێڕانی: حەمەی ئەحمەد ڕەسووڵ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- خەزنەدار، مارف، (د.)، (2010)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی سێیەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
- ڕەسووڵ، هەڵمەت بایز، (2012)، ڕەهەندەکانی دەروونی لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن دا. چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.
- سۆران، جمال، (2008)، سایکۆلۆژیای مێیەتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.
- کەسنەزانی، ئیسماعیل، (1396)، دیوانی سالم، چاپی یەکەم، بڵاوکەرەوەی ئاڵای ڕووناکی، سنە، ئێران.
- کەلهور، نەوزاد، (2008)، ڕەهەندی ئایین لە شیعری کلاسیکی کوردی کرمانجی خواروو، چاپی یەکەم، نووسینگەی تەفسیر، هەولێر.
- گۆران، نەبەز، (2020)، میرنشینی خاک و خۆڵ، چاپی دووەم، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی.
- مودەریس، مەلا عبدالکریم، فاتح عبدالکریم، محمەمەدی مەلا کریم (2015)، دیوانی سالم، بەرگی دووەم، بڵاوکراوەی بنکەی ژین، سلێمانی.
- موکریانی، هەژار،(1384)، هەنبانە بۆرینە، فرهنگ کوردی–فارسی، چاپی چوارەم، انتشارات سروش، ایران.
- مودەریس، مەلا عبدالکریم، فاتح عبدالکریم، محمەمەدی مەلا کریم (1380)، دیوانی نالی، بڵاوکراوەی کوردستان، سنە/ ایران.


#### تێز و نامە ئەکادیمییەکان


- حسین، بریار خلیل،(2022)، سیمۆلۆژیای ناسناوی شاعیرانی کورد بە نموونەی چەند شاعیرێکی کلاسیک، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، نامەی ماستەر.
- صالح، (2010)، فەرهاد صالح حمە علی ، کەسێتی خۆویست لە "ڕۆمانەکانی "محەمەد موکری" دا، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.


#### توێژینەوە بڵاوکراوەکان


- حسین عەلی طاهر،(2002) نەرگسییەت، یان خود لە شیعری "لەتیف هەڵمەت"دا، گۆڤاری "زانکۆی سلێمانی"، ژمارە (9).
- عبدالرحمن. حسین عثمان، (2018)، "فتێلیتی قوتۆ" و نارسیسم "خواندنەکا ڕەخنەیی دەروونشیکاری"، مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو، ژمارە (6) بەرگی یەکەم ، ئازاری 2018.
- نەژدا، عەبدوڵڵا ڕەسوڵ، (1395)، لێکدانەوەیەکی بەراوردکارانەی فەخری (شانازی) زاتی لە شیعری نالی و موتەنەبیدا، پژوهشنامه ادبیات کردی، سال دوم، شمارە 3، بهار.


#### گۆڤار و ڕۆژنامەکان


- ئەدلەر، ت. عبد علی الجسمانی، و. شوکر سلێمان، ڕاڤەی ئادلەر بۆ سەرکەوتن و هەستی خۆبەکەم زانین، گۆڤاری "ڕامان"، ژ (113) 2005/12/5.


#### سایت و ماڵپەرەکان


- کمال. شوان، سایتی کوردستانی نوێ، نارسیزمی سیاسی، 2024/4/25
https://knwe.org/KU/Details/


### 2- بە زمانی عەرەبی

- قورئانی پیرۆز

#### کتێبەکان


- حسن، ثامر، (1986) ، البحث نفسی فی ابداع الشعر، دار الشؤن الثقافة، بغداد.
- روشکا، الاکسندر، (1989)، الابداع العام و الخاص، الترجمة: غسان عبدالحي ابو فخر، عالم المعرفة، المجلس الوطني للثقافة و الفنون و الاداب، کويت.
- صلبيا، جميل، (1978)، المعجم الفلسفي، دار الكتاب اللبنانيه، الجزء الثاني.


#### سایت و ماڵپەرەکان

– نصار، ميادة، (2022). نركسوس " أسطورة الشخصية النرجسية" ، ٢٠ يونيو. /https://mawdoo.com.

### 3- بە زمانی ئینگلیزی

- Abramson. pp. (1980). Personality, New York, Holt, Reinhart & wensto.
- American Psychiatric Association. (2013). Diagnostic and statistical m7annual of mental disorders (DSM-5). American Psychiatric Pub. 671.-645-
- Aquinas Thomas, (2018), Summa Theologica, Subject: Christian theology.
- Binns, John (2006). "Modern Spirituality and the Orthodox Church". In Angold, Michael (ed.). The Cambridge History of Christianity. Volume 5: Eastern Christianity. Cambridge, England: Cambridge University Press.
- Binns, John (2006). "Modern Spirituality and the Orthodox Church". In Angold, Michael (ed.). The Cambridge History of Christianity. Volume 5:
- Campbell W. Keith, (2013), the Narcissism Epidemic, Living in the Age.
- Carson, R., Butcher, J.N., & Mineka, S. (2005). Abnormal Psychology and Modern Life (3rd Indian reprint). Pearson Education (Singapore).
- Carson, R., Butcher, J.N., & Mineka, S. (2005). Abnormal Psychology and Modern Life (3rd Indian reprint). Pearson Education (Singapore).
- Clinic mayo narcissistic personality disorder", 18/11/2017, Retrieved 29/3/2022.
- Goncalo, J. A., Flynn, F. J., & Kim, S. H. (2010). Are two narcissists better than one? The link between narcissism, perceived creativity, and creative performance. Personality and Social Psychology Bulletin .
- Gundersen، Bierwiaczonek, (2022) K., A. B, & Kunst, J. R. The role of conspiracy.
- Hirst. Kris (31/8/2019), "Narcissus: Classic Greek Icon of Extreme Self-Love", thoughts, Retrieved 29/3/2022.
- Kernberg, O. F. (1975). Borderline Conditions and Pathological Narcissism. New York: Jason Aronson.
- Kruglanski Jasko, K., Webber, D. (2020). A. W., Gelfand, M., Taufiqurrohman, M., Hettiarachchi, M., & Gunaratna, R. Social context.
- Ludwig, A. M. (1995)."The Price of Greatness: Resolving the Creativity and Madness Controversy
- Lacan, J. (1977) – "The Mirror Stage as Formative of the I Function.
- Madson, Cross, (1997). Models of the self: Self-construal's and gender. Psychological Bulletin, 122, 5-37.
- Marchlewska, Cichocka, A., , M., & Golec de Zavala, A. (2016a). Does self-love orself-hate predict conspiracy beliefs? Narcissism, self-esteem, and the endorsement.
- Oxford Learner's Dictionary". oxfordlearnersdictionaries.com. Oxford University Press. Archived from the original on 25 June 2021. Retrieved 14 September 2021.
- Rikardi. Zein, R. A., Arinda, M. F. (2020). A. A., Ridlo, I. A., & Ardelia, V. The enemy of 'Ummah': Belief in Jewish conspiracy theories indirectly affected vacci-nation decisions. PsyArXiv.
- Rodewald. Frederick, "narcissism", Britannica, Retrieved 29/3/2022.
- Song, van Prooijen, (2021). J.-W., &, M. The cultural dimension of intergroupconspiracy theories. British Journal of Psychology.
- van Donzel ،E. J. (1994). Islamic Desk Reference. BRILL. ISBN
- Zaduqisti ،Mashuri, A., van Leeuwen, E., (2022). E., Sukmawati, F., Sakdiah, H., & Herani,I. The psychological antecedents of resistance to humanitarian aid. GroupProcesses & Intergroup Relations, 25, 280–297.
- Zavala. Golec de, A. (2011). Collective Narcissism and Intergroup Hostility: The Dark Side of 'In-Group Love'. Social and Personality Psychology Compass, 5(6).

#### ڕۆژنامە و گۆفارەکان

- Foster, J. D., Campbell, W. K., & Twenge, J. M. (2003). Individual differences in narcissism: Inflated self-views across the lifespan and around the world. Journal of Research in Personality, 37, 469-486.
-Giulia.Anna(2021) Danuban,; Vol. 33, Suppl. 9, pp 40-35 Conference paper0Hglflqvnd Qndodgd - Zagreb, Croatia.

#### سایت و ماڵپەرەکان

- Fashion History, New Romantics. Accessed June 19, 2006

### 4- بە زمانی فارسی

#### کتێبەکان

– شولتز. دوان ( 1384 ،نظریههای شخصیت، ترجمة: یوسف کرمیی و دیطران، ضاث اول، نشر ارسباران، تهران.
– وند، حمد علی امحد (1386)، بهداشت روانی، ضاث ضهارم، انتشارات ثیام نور، تهران.

#### گۆڤار و ڕۆژنامە

– امیربیگی. محمود، رویش روان شناسی، سال هفتم، شماره10، شماره پیاپی31، دیماه 1397.
– لسانی. سمانه (1400)، مجله علوم روانشناختی/ دوره بیستم/ شماره 34/ ص94-44بهار (فروردین).
– محمدی، هاشم (1389)، «خودشیفتگی شاعران پارسی تا قرن هشتم هجری»، فڵنامه پارسی، شماره 53.

#### سایت و ماڵپەرەکان

– خودشیفته ها شادتر از بیشتر مردم هستند .bbc.com/persian.«بی‌بی‌سی فارسی .دریافت شده در آبان ۱۳۹۸.
– شده‌در. دریافت( ۱٤۰۳)، وبینار رایگان نرگس مندی در مدیریت و راهگشایی .«۹ مهر.

**به زمانی تورکی**

**رۆژنامە و گۆڤارەکان**

– Tarihi. Erişim (2019)"Narcissism nedir ve görülme sıklığı neden artıyor?". bbc.com. 22 Mart. 26 Mart 2019 tarihinde kaynağından arşivlendi. 22 Şubat 2020.

**Narcissism in the Classical Kurdish Poets of Central Kurdish, Nali and Saleem, for Example**

**Haeder Muhammad Omar**
Ministry of Education, Erbil, Kurdistan Region – Iraq
haydar.o.mohammed@su.edu.krd

**Karzan Muhsin Qader**
Department of Kurdish Language, College of Basic Education, Salahuddin University –Erbil, Kurdistan Region, Iraq
karzan.qader@su.edu.krd

**Abstract**
It is obvious that the period of classical Kurdish poetry has an important place in Kurdish literature Like Salem, Kurdi, Mahwe and many other poets, he has been given great importance. Obviously, he has a sense of pride in his nation, poetic work, tribe, language and culture This study is entitled (Narcissism and the invention of poetry in the classical Kurdish poets Nali and Salim) , for example mother It consists of an introduction and two parts. The first part is theoretical, including four of the following topics: The myth of narcissism. Concepts, terms and definitions of narcissism. Characteristics of a narcissist. Narcissistic personality disorder. Narcissistic human identity from a psychological perspective. The Relationship Between Narcissism and Religion The second part is also practical, namely the practice of narcissism in the poetry of the classical Kurdish poets. The results are then presented in several points, and the sources are scientifically classified. Finally, the research summaries were translated into Arabic and English.
**Keywords:** Narcissism, Narcissist, Nali, Salim, Classical Poets.

**النرجسية عند الشعراء الأكراد الكلاسيكيين في اللغة الكردية الوسطى، على سبيل المثال نالي و سالم**

**حيدر عمر محمد**
وزارة التربية، اربيل –إقليم كردستان – العراق
haydar.o.mohammed@su.edu.krd

**كارزان محسن قادر**
قسم اللغة الكوردىة، كلية التربية الأساس،جامعة صلاح الدين–إربيل،إقليم أربيل – كوردستان،العراق
karzan.qader@su.edu.krd

**الملخص**
ومن الواضح أن فترة الشعر الكردي الكلاسيكي لها مكانة مهمة في الأدب الكردي مثل سالم وكردي وماهفي والعديد من الشعراء الآخرين، وقد حظي بأهمية كبيرة. ومن الواضح أنه لديه شعور بالفخر بوطنه وعمله الشعري وقبيلته ولغته وثقافته. وهذا البحث يحمل عنوان (النرجسية واختراع الشعر عند الشعراء الكرد الكلاسيكيين من الكرد الأوسط "نالي" و"سالم" على سبيل المثال). يتكون من مقدمة وجزأين. الجزء الأول نظري ويتضمن أربعة من المواضيع التالية: أسطورة النرجسية. مفاهيم ومصطلحات وتعريفات النرجسية. صفات الشخص النرجسي. اضطراب الشخصية النرجسية. الهوية الإنسانية النرجسية من منظور نفسي. أما الجزء الثاني فهو عملي أيضاً، ألا وهو ممارسة النرجسية في شعر الشعراء الأكراد الكلاسيكيين. ويتم بعد ذلك عرض النتائج في عدة نقاط، ويتم تصنيف المصادر بشكل علمي. وأخيرا تمت ترجمة ملخصات الأبحاث إلى اللغتين العربية والإنجليزية.
**الكلمات المفتاحية:** النرجسي، النرجسية، نالي، سالم، الشعراء الكلاسيكيين.